# باباتاهیری هەمەدانی

ژیان و بەرهەمەکانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# باباتاهیری هەمەدانی

ژیان و بەرهەمی

وەرگێڕان و داڕشتنەوە و ئامادەکردنی:

**ئەحمەد تاقانە**

ناوی کتێب: باباتاهیری هەمەدانی – ژیان و بەرهەمی
وەرگێڕان و داڕشتنەوە و ئامادەکردنی: ئەحمەد تاقانە
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٥٦٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازموودە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٤٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# پێشەكی

كۆتاییيەكانی ساڵانی شەست لە بەغدا قوتابیی كۆلیژ بووم.. من وەكو كەركووكی لە ناوچەی مەیداندا، لە چایخانەی كەركووكی (عومش قەیتەوان) دادەنیشتم.. بارودۆخێك هاتە كایەوە، چایخانەكەیان داخست و بەرامبەر ناوچەی حەیدەرخانە كە ئەویش دوور نییە لە مەیدان، شوێنێكی دوو سێ دووكانییان گرت و كردیانەوە چایخانەی كەركوك كە لەژێر تەلاری ئوتێلی هەولێردا بوو.. منیش (گواستمەوە) ئەوێ.

ئەم چایخانەیەیان بەوەی كە لەژێر ئوتێلی هەولێردا بوو، هەولێرییەكانیشی لێ دادەنیشتن.

ئەوەندەی پێ نەچوو (عومش) چووەوە شوێنە كۆنەكەی خۆی لە مەیدان و... (عومەر) ناوێكی هەولێری چایخانەكەی گرت و كردییە چایخانەی هەولێر.

بەوەی كە لەو چایخانەیەدا كۆمەڵێك نووسەرو هونەرمەند و قوتابیی لاوی هەولێری و هەندێكی سلێمانی و كەركووكیشم ناسی كە زۆربەیان كورد بوون... لە هاتوچۆی ئەو چایخانەیەی هەولێرە بەردەوام بووم.

ئەوەندەی پێ نەچوو، مامۆستا محەمەد تۆفیق وردی ـ ی خودا لێی خۆشبوومان ناسی كە هەر لەنزیكی ئەوێوە لە چایخانەی (پەرلەمان)

دادەنیشت... وردە وردە چایخانەی پەرلەمانی بەرامبەر مزگەوتی حەیدەرخانە بووە بارەگای هەمیشەییمان.

مامۆستا وردی باسی ئەدەب و ڕۆشنبیری و فۆلکلۆری کوردیی بۆ دەکردین و کتێب و نامیلکەی بۆ دەهێناین و یارمەتیی ڕۆشنبیریی دەداین... بوو بووە سەرچاوەیەکی باشی ئەوسا بۆ ئێمەمانان.

ساڵی **١٩٦٩** دیوانێکی ڕازاوەی جوانی باباتاهیری هەمەدانیم دەست کەوت، (وەحید دستگردی) دەقەکانی ڕاست کردبووەوە بە خەتی (جواد شریفی)ی خۆشنووس نووسراوەتەوەو لەلایەن (محمد تجویدی)شەوە تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگ و هێڵکاریی نایابی بۆ کراوە. ئێستاش ئەو چاپەم هەر لەلایە... بەڵام شتێکی وای لێ تێنەدەگەیشتم.

مامۆستا وردی شتێکی لێ دەزانی.. بۆیە ئەوسا کەسی لەو باشترم شك نەدەبرد.. هەموو ڕۆژێ دیوانەکەم دەبردو لەتەك مامۆستاوە دادەنیشتم و هەر ڕۆژەو هەندێکی بۆ لێکدەدامەوە.. دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەویش شتێکی زۆری لێ نەدەزانی.. بەڵام بۆ ئەوسای من شتێکی گەلێك باش و گەورەبوو.

هەموو ڕۆژێك دەچوومەوە... وای لێ هات.. هەر لە دوورەوە منی دەبینی، دەیگوت: ئەوە ئەحمەد تاقانە بەخۆی و دیوانەکەی باباتاهیرەوە هات.

لەوساوە پەیوەندیم بەدیوانی باباتاهیرەوە پەیدا کردو دواتریش چەندین سەرچاوەی دیکەو.. تا ئێستاش هەر حەزدەکەم نهێنیی دیکەی ناو دەقەکانی تێبگەم و بیاندۆزمەوەو بۆم ڕوونتر ببێتەوە.

کۆتاییی ساڵی پار (٢٠٠٥) و ئەم ساڵ، ئارەزووی داڕشتنەوەی چوارینەکانی باباتاهیرم بۆ شێوەی کرمانجیی باشوورم لەلا پەیدا بوو.

وەکو دواتر ـ با بە کورتیش بێ ـ باسێکی ئەو وەرگێڕان و داڕشتنەوانە دەکەم و... هەروەها دەقێکی لەبارەوە لە ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلامی ـ شەوە وەرگــێڕاوە و دانـــاوە... ئـیـنـجـا داڕشتـنـەوەکەی خۆم و شیعرە لوڕییەکانی باباتاهیر خۆیم لە تەکیاندا داناوە و... واشم بەباشتر زانی فـەرهـەنگۆکێك بـۆ هـەندێك وشە ڕێکبخـەم کـە لـە داڕشتنـەوەکـەی خۆمدا بەکارم هێناون، کە بە دووری نازانم هەندێك خوێنەر واتاکانیان لەلا دیارو ڕوون نەبێ.

***

باباتاهیر و ژیان و بەرهەم و چوارین و غەزەلەکانی، بایەخێکی گەلێك گەورەیان هەیە.. خۆ ئەگەر باسی ئەوەش بکرێ کە یەکەم و کۆنترین شاعیرێکی ئاست هەرە بەرزی کوردی لوڕە، بایەخێکی گەورەتر پەیدا دەکا کە هەر چییەکی دڵسۆزانەی بۆ بکرێ هەر کەمە.. بۆیە من لێرەدا، بەر لەوەی ئەو وتارەی چاپی تورکیی ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامییەتان بخەمە بەر چاو و بەر لەوەی دوابەدوای ئەوە، ئەو کۆمەڵە چوارینەیەتان بخەمە بەردەست کە خۆم جارێکی دیکە بەشێوەی زمانی ئەدەبیی کرمانجیی خـوارووی ئـێستـا، یـان بـا بڵێین بـە (سۆرانی) دامـڕشتوونـەتـەوە.. لـەگـەڵ دەقـەکـانـی شاعـیـر خـۆی.. حـەزم کرد بـاسێکی بـا بـە کورتیش بـێ، ئەو وەرگێڕان و داڕشتنەوانە بکەم کە پێشتر ئەنجام دراون.

ئیدوارد براون دەڵێ: ( ... چوارینەکانی دوو جار بڵاو کراونەتەوە، یـەکـەمـیـان لـەگـەڵ وەرگێڕانێکی فـەرەنسیی ڕازاوەدا لـەلایـەن مـامۆستـا «کـلـیـمـان ئـۆیـار»ەوە لـە «گـۆڤـاری ئـاسیـایـی»ی ژمـارەی نـۆڤـەمـبـەرو دیسەمـبـەر (تشریـنـی دووەم و کـانـوونـی یـەکـەمـی ساڵـی ١٨٨٥ی.ز. (کـۆمـەڵـەی دووەم، بـەرگـی/٦)[١]؛ دووەمـیـان لـەگـەڵ وەرگـێڕانـێکـی بـە پەخشان و بەدوادا چوونێکی زۆرەوە لەلایەن مستەر «ئیدوارد هاروون

ئەلن» هوە، لە کتێبی «خەمەکانی باباتاهیر»[٢] کە ساڵی ١٩٠٢ ی.ز. بڵاوکراوەتەوە، هەروەها ئەم کتێبە وەرگێڕانێکی هۆنراوەی دیکەی چوارینەکانی تێدایە کە خاتوو «ئیلیزابێث کۆرتیس برنتون» نووسیونی.[٣][٤]

مامۆستا عەلی بەرزنجی لە نووسینێکیدا باسی ئەوە دەکا کە: د. حوزوور ئەحمەد سەلیم «د.حضور أحمد سليم»ی مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی (سند)ی پاکستان ـ ٣٠٠ چوارینەی باباتاهیری بۆ زمانی ئوردوو وەرگێڕاوە. هەروەها (ع. بەرزنجی) نموونەی چوارینەیەکی بەئووردوویی کراوی لەگەڵ لوڕییەکەیدا داناوە کە لێرەدا دەقاودەق وەك لە گۆڤاری بەیاندا بڵاوکراونەتەوە بڵاویان دەکەمەوە:

لوڕی

دلی دیرم چو مرغ پاشکسته
چو کشتی بر لب دریا نشسته
همه گویند: طاهر تار بنواز
صدا چون میدهد تار شکسته

ئوردوویی

هی مپل مرغ پابسته دلزار
لب دریا پەیا کشتئ بیکار
سبهی کهتی هینی طاهر ساز کو چهیر
کهین بجتی بهی هین ئوئی هوتی تار[٥]

محەمەد بەدری ـ ی شاعیری ناسراوی کورد، کۆمەڵێك چوارینەی

باباتاهیری هەر بە شیعر وەرگێڕاوەتە سەر زمانی (عەرەبی)و لە نامیلکەیەکدا بڵاوی کردوونەتەوە.[٦]

هەروەها مامۆستا ئەحمەد دڵزار ـ ی شاعیری ناسراوی کوردیش، حەفتاو حەوت چوارینەی باباتاهیری بە سۆرانی (کرمانجیی خواروو) داڕشتووەتەوە، لە پێشەکیی نامیلکەکەیدا (گەنجینە)، دەڵێ: «چوارینەکانی باباتاهیر لەسەر یەك کێش هەڵبەستراون کەوا کێشی (وافر)ە ..» لەکاتێکدا ڕاستییەکەی کێشی (هەزەج ـ ی شەشبارەی لێ لابراوە = الهزج المسدس المحذوف)[٧]، هەروەها مامۆستا دڵزار دەڵێ: (بەڵام من هەموویانم لەسەر هەمان کێش نەگۆڕیوە، بەڵکو تەنیا سی و نۆ چوارینەکانی پێشەوەم لەسەر هەمان کێش هێشتۆتەوەو... سی و شەشی ناوەڕاستیشم لەسەر جۆرێك لە جۆرەکانی مەدید (مدید) گۆڕیوە، کە فەردی مەولەوی و زۆربەی شیعری کوردی بەم کێشە هۆنراونەتەوە)[٨]. بەڵام کێشی مەدید کێشێکی عەرووزیی عەرەبییە، لە کاتێکدا ئەم کێشەی مامۆستا باسی لێوە دەکاو مەولەوی و شاعیری کوردی دیکە بەو کێشەیان شیعر هۆنیوەتەوە، کێشی بڕگەیی (٥ + ٥)ە، کە کێشی (سێلاب)ی خۆماڵیی پێ دەگوترێ.

پیرەمێردی شاعیریش چەند چوارینێکی باباتاهیری بە کرمانجیی خواروو داڕشتووەتەوە، ئومێد ئاشنا لە کتێبی (پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانیدا) باسی ئەم بابەتە دەکات و وای دادەنێ کە پیرەمێرد (شەش) چوارینەی کردووەتە کرمانجیی خواروو و شەش چوارینە داڕشتنەوەکەی پیرەمێردیشی داناوەو لە پەراوێزیشدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لە ژمارە /٦٠٣ی ساڵی ١٩٤٠ی ڕۆژنامەی (ژین)ەوە وەرگرتووە[٩]. من ئەو ژمارەی (ژین)ەم دەست نەکەوت تا لێی دڵنیابم.. ئەمە بۆیە دەڵێم چونکە لە ڕۆژنامەی (برایی)دا وتارێك بڵاوکراوەتەوە، بێ ئەوەی ناوی نووسەرەکەی لەسەر بێ، نووسەر

لە کۆتایی وتارەکەیدا دەڵێ: (پیرەمێردی مەزن هەندێك لە هەڵبەستەکانی بابەتاهیری گۆڕیوەتە سەر شێوەی سۆرانی «ناوچەی سلێمانی»، وا لە خوارەوە هەڵبەستەکان بەشێوەی «لوڕی»و بەشێوەی سلێمانی، هەردووك پێشکەش ئەکەین...)، پێنج چوارین لەگەڵ گۆڕینەوەکەیاندا بڵاوکراوەتەوە، سەرنجی ئەوەمان ڕادەکێشێ کە چوارینی پێنجەمیان لەگەڵ ئەو شەش چوارینانەدا نییە کە (ئومێد ئاشنا) بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمەی خوارەوەیە:

لوڕی

مەگەر شیر و پلنگی ئەی دل ئەی دل
بەموو دایم بە جەنگی ئەی دل ئەی دل
ئەگەر دەستەم رەسەد خوونەت بریجەم
بوینەم تا چ رەنگی ئەی دل ئەی دل

سۆرانی

مەگەر شێر و پڵنگی ئەی دڵ ئەی دڵ
لەگەڵ من وا بە جەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ
ئەگەر دەستم کەوی خوێنت ئەڕێژم
ئەگەر تا چ ڕەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ![١٠]

هەروەها د. عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ (٢٧) چوارینەی داڕشتووەتەوە. (١٥) چوارینەی ئەمانە بەکێشی شیعرەکانی باباتاهیرن.. بەڵام د. عیززەددین هەندێك سەربەستانە کێشەکەی بەکارهێناوەو بە تەواوی پابەندی کێشەکە نەبووە. ئەوانی دیکەشی بە کێشی (سێلاب)ی دە بڕگەیی (٥+ ٥) داڕشتووەتەوە[١١].

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) بڕوانە وتاری «ئویار Huart » لە گۆڤاری شاهەنشایی ئاسیایی. ساڵی ١٨٨٥. (براون)

Journal Asiatique,Nov _ Dis, 1885 (Ser.Vlll, vol.6)

(2) Lament of Baba Tahir, by Mr. Eduard Heron Allen

(Guaritch -1902).

(٣) ناوی ئەم خاتوونە بە ئینگلیزی بەم جۆرەیە:

Mrs. Elizabeth Curtis Brenton.

(٤) بڕوانە لاپەڕە (٣٢٢ ـ ٣٢٣)ی کتێبی:

تاريخ الادب في ايران ـ من الفردوسي الى السعدي ـ تأليف المستشرق الكبير ادوارد جرانڤيل براون [الاستاذ بجامعة كامبردج سابقاً]، نقله الى العربية الدكتور ابراهيم أمين الشواربي [استاذ اللغات الشرقية بجامعة إبراهيم] بأذن وترخيص دار طباعة جامعة كامبردج بانجلترا ـ ١٣٧٣هـ ـ ١٩٥٤م ـ مطبعة السعادة بمصر.

هەروەکو زانراویشە، ئەمە بەرگی دووەمی کتێبە بەرزەکەی (براون)ە کە بەو ناوەوە لەچوار بەرگی نایابدا چاپ کراوە.

(٥) عەلی بەرزنجی ـ چوارینەکانی باباتاهیر بە زمانی ئوردوو ـ گۆڤاری بەیان ـ ژمارە/ ١٩٥ ـ ساڵی ٢٠٠٢ ـ ل/٢٨ـ٢٩.

ـ مامۆستا عەلی بەرزنجی پێی ڕاگەیاندم کە وتارەکە وەرگێڕان بووە لە وتارێکی مامۆستا جەلال زەنگابادی ـ یەوە، کە شوێن و کاتی بڵاوکردنەوەی زەنگابادی ـ ی لەبیر نەماوەو.. لە چاپی گۆڤاری ناوبراودا ئەم زانیارییانە لە وتارەکە کەوتووە.

(٦) بڕوانە: محمد البدری ـ رباعیات

(٧) بڕوانە:

أ ـ براون: دەڵێ: چوارینەکانی باباتاهیر لەگەڵ گەلێك لەو چوارینانە ڕێکە، کە بە شێوە

زمـانێكـی تـایبـەتی نووسراوە و شوێنپێی كێشە زانراوەكـانی چوارینـەكـانیـان هـەڵـنـەگرتـووە، بـەڵكـو بـەكێشی هـەزەجی شەشبـارەی لێ لابـراو (الـهزج المسدس المحذوف) نووسراوە كە هەر دێڕە بە شەش جار مەفاعیلین (مفاعيلن) نووسراوە، بەڵام سێیەم و شەشەمیان برگەی لێ لابراوەو بووەتە مەفاعیل (مفاعيل) یان بووەتە فەعوولون (فعولن)... بڕوانە: تاريخ الأدب في ايران ـ جـ/٢ ـ ص/٣٢٣.

ب ـ بڕوانە: ئەو وتارەی لەبارەی باباتاهیرەوە لە (ئەنسكلۆپیدیای ئیسلامی)یەوە وەرگێڕاوەو هەر لەم كتێبەی بەردەستتاندایە بڵاوكراوەتەوە.

جـ ـ كامل حسن بصير ـ پێشەكیی (گەنجینە) لاپەڕە/٩.

(٨) لاپەڕە (٢٣–٢٤)ی گەنجینە.

گەنجینە (بەشێكە لە چوارینەكانی باباتاهیری هەمەدانی) ـ دڵزار (ئەحمەد دڵزار) كـردوویـە بـە سۆرانـی ـ لـە بـڵاوكـراوەكـانی ڕۆژنـامـەی (ئـازادی) ـ چـاپـخـانـەی «الوفاء» (شوێنی چاپی دیار نییە) ـ ١٩٦٠.

(٩) ئومێد ئاشنا ـ پیرەمێردو پێداچوونەوەیەكی نوێ بە ژیان و بەرهەمەكانی ـ بەرگی دووەم ـ بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس ـ چاپی یەكەم ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ـ ٢٠٠١ ـ لاپەڕە (٣١٩ – ٣٢١).

(١٠) ڕۆژنامەی برایی ـ پاشكۆی ڕۆژنامەی (التآخی) ـ ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ ژمارە (٣٢٩)ی ڕۆژی شەمموو (٣–٨–١٩٦٨).

(١١) د. عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ ـ لە چوارینەكانی بابەتایەری عوریان ـ گۆڤاری بەیان ـ ژمارە (١٦٠)ی تشرینی یەكەمی ١٩٨٩ ـ ل/٣٨ـ٤٠.

ـ هەروەها د.عیززەددین هەر لەم وتارەیدا دەڵێ: پێشتر: پیرەمێرد، عەلی كەمال باپیر (كەمالی)، دڵزار، مەلا محەمەدی غەزایی و ڕازی و ڕەنگە كەسانی تریش هەبن كە دایانڕشتبنەوە.. تاد.

# باباتاهیری "عوریان"

(٩٣٨ ؟–١٠١٠)

باباتاهیر شاعیرێکی سۆفییە، شیعرەکانی بەشێوەیەکی ناوچەیی نووسیوە، بەپێی قسەی ڕەزا قولی خان (سەدەی نۆزدە)، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوە بکا، باباتاهیر لە سەروبەندی فەرمانڕەوایی دەیلەمی (دەیلەمییەکان)دا ژیاوەو ساڵی ١٠١٠ی زایین (٤٠١ی کۆچی)، کۆچی دوایی کردووە، پارچە شیعرێکی پڕ لە مەتەڵ و نهێنیی هەیە دەڵێ:

مو آن بحرم که در ظرف آمدستم

مو آن نقطه که در حرف آمدستم

بهر ألفی الف قد ـ ی بر آیو

الف قدم که در ألف آمدستم

واتە: من ئەو بەحر (دەریا ـ دریا)یەم کە لەناو زەرف (کاسە)یەکدا هاتووم، من ئەو نوقتە (خاڵ)ەم لەجێی خۆیدا، لەسەر پیتێکی تایبەتدا دانراوم، بە هەر ئەلف (هەزار ساڵ)ێك ئەلف قەد (بەژن و باڵا ڕێکوپێکی لە پیتی ئەلف چوو)یەك دێتە گۆڕێ، من ئەو ئەلف قەدەم کە لە ئەلف (هەزار ساڵە) هاتووم... مەهدی خان لە Jasb (واتە: گۆڤاری کۆمەڵەی شاهەنشایی ئاسیایی لە بەنگال)دا، چوارینەکەی بەشێوەیەکی سەرنجکێش ڕوون کردووەتەوە کە: پیتەکانی دەستەواژەی (ألف قد)

بەپێی ژمارەی ئەبجەدی دەکاتە (٢١٥)، ئەمەش ئەوەندەی پیتەکانی (بحر)ی عەرەبی و (دریا)ی هاوواتاکەیەتی لە کوردی و فارسیدا، هەروەها ئەوەندەی پیتەکانی وشەی (طاهر)ن کە ناوی شاعیر خۆیەتی، کە ژمارەی پیتەکانی دەستەواژەی – ألف قد (٢١٥) لەگەڵ ئەوەی وشەی ألف (١١١) دا کۆبکرێتەوە، دەکاتە (٣٢٦) ئەوەش ئەوەندەی ژمارەی پیتەکانی وشەی ( هەزار –هزار)ی کوردی و فارسییە کە وشەکە بە ڕێنووسی کۆن پیتەکانی ( هێ، زێ، ئەلف، ڕێ)ن.

بەمجۆرە، کە دەستەواژەی (ألف قد) دەخرێتە سەر (ألف)، دەرئەنجام مێژووی لەدایك بوونی باباتاهیر دەردەچێ واتە (٣٢٦)، بەمجۆرەش ڕێی تێ دەچێ شاعیر تا ساڵی (٤٠١)ی کۆچی ژیابێ.

سەرەڕای ئەم ڕوونکردنەوە هونەروەرانەیە، ڕاستی لەبارەی باباتاهیرەوە هەر ئەوە دەمێنێ کە، تاکە سەرچاوەیەك هەر ئەو دەقەیە لە کتێبی ڕاحەتوسسودوور (راحە الصدور) دایە (١٢٠٤= ٦٠١، زنجیرە یادداشتەکانی جیب، لاپەڕە/ ٩٨ و لاپەڕەکانی دواتر)، نووسەری کتێبەکە کە بیستوویەتی کە توغروڵ (طغرل)ی سوڵتانی سەلجووقییەکان، کاتێك چووەتە شاری هەمەدان (١٠٥٥– ٤٤٧)، باباتاهیر گوتارێکی بەم شێوەیەی ئاراستە کردووە: « ئەی تورك بەرامبەر موسڵمانان نیازی چیت هەیە بیکەیت؟» هەروەها ئەوەشی بیستووە کە قسەکەی باباتاهیر کارێکی گەورەی لە سوڵتان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم دەقە، کۆچی دوایی باباتاهیر دەخاتە دوای ساڵی(٤٤٧)، بەڵام ئەم سەرنجە، دژایەتی پێکناهێنێ لەگەڵ ئەوەی شاعیر لە سەردەمی (کاکۆیی)یە خزمە دەیلەمییەکانیدا، واتە لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەمان و بووەیهییەکاندا ژیاوە، ئەوانەی فەرمانڕەواییان لە (هەمەدان) دا تا گەشتەکەی (ئیبراهیم ئینال) بۆ ئەو ناوە، درێژەی بووە. کەچی ئەو هەواڵانەی دەڵێ شاعیر لە سێدارەدانی عەینولقوزاتی هەمەدانی (عين القضاة الهمداني)ی دیوە کە

ساڵی (٥٣٣) مردووه، لە بنەڕەتەوە هەڵبەستراوە.

سەرچاوەکان جاروبار باباتاهیر بە هەمەدانی ناودەبەن (بڕوانە: دەستنووسی عەرەبیی ژمارە / ١٩٠٣- سەرەنجام و هی دیکە- پاریس) و جاروباریش بە (لوڕی)ی ناودەبەن. بەکارهێنانی (لوڕی) لەجیاتی (لوڕ) مرۆڤ دەخاتە گومانەوە، ئایا ئەم وشەیە پەیوەندییەکی دیکە بە ( باباتاهیر)ەوە دەنوێنێ جگە لە زێد و شوێنی پەروەردە بوونی؟! گومان لەوەدا نییە کە ئەو خاکەی نێوان (هەمەدان)و (لوڕستان) ئەوسا پڕ بووە لە دارستان، لە ( سەدەی یازدەهەمدا)و دەبێ ئەوەش بەبەرچاوەوە بگیرێ کە شاعیر لە نێوانی ئەو دوو دەڤەرەدا ژیاوە، هەروەها لە شاری خوڕڕەم ئاباد (خرم آباد)دا گەڕەکێکمان بەناوی باباتاهیرەوە بەرچاو دەکەوێ (بڕوانە: ئەدمۆندس GJ گۆڤاری جوگرافیایی، حوزەیرانی ١٩٢٢، لاپەڕە/ ٤٤٣).

دەرخستنەوەی پەیوەندیی باباتاهیر بە لوڕستانەوە، لەلایەنی بیروباوەڕی (ئەهلی حەق)ەوە مەبەستی خۆی هەیە، (بڕوانە دواتر) و ناوی چیای (ئەڵوەند) کە بەسەر هەمەدانىدا دەڕوانێ، بەزۆری لە چوارینەکانی باباتاهیردا دەردەکەوێ (بڕوانە: دیوان- ژمارەکانی- ١٠٢، ٢٠٠، ٢٧٤) و هەروەها گۆڕی باباتاهیر لەسەر گردێکی گچکەدایە لە گەڕەکی بونبازار (بن بازاڕ)ی باکووری خۆراوای شارەکەو گۆڕی (فاتمە)ی مریدی ڕاستەقینەی و گۆڕی (میرزا عەلی نەقی-ی کەوسەری) (سەدەی نۆزدەهەم) لە نزیکی ئەم ئارامگەیە، گومەزێك هەیە و شێوە بیناسازییەکەی سەر گۆڕەکە سادەو ساکارە، شایەنی خاوەنەکەی نییە.

لە کتێبی نوزهەتولقولووب (نزهة القلوب – ٧٤٠/ ١٣٤٠) باسی ئەم گۆڕە کراوە (بڕوانە: sGM

زنجیرە یادداشتەکانی جیب. لاپەڕە/ ٧٥، بۆ وێنەی گۆڕەکە، بڕوانە:

مینۆرسکی، مۆسکۆ ۱۹۱۱– ل/۱۱ و لاپەڕەکانی (۲۵۷ –۲٦۰) لە:
William Jakson, A visit to the tomb of Baba Tahir at Hamadan (Avolume presented to E.G.Brown),Cambridge,1922.

لە لایەکی دیکەوە، ئەو چیرۆکانەی لە ( مازەندەران) دا دەبیستریێن و پەیوەندیی باباتاهیر بەم ناوچەیەوە دەردەخەن هیچ ڕاستییەکیان تێدا نییە.

دووریش نییە ئەم چیرۆکانە لە ڕێی ئەو (لەك)انەوە گێڕرابنەوە کە لە لوڕستانەوە کۆچیان کردووە، نەخوازە هەر هەموو ڕەوەندە ئێرانییەکان دەیاندەنە پاڵ خۆیان.

## زمانی باباتاهیر:

بەوەی کە هەموو ڕووداوەکان شاعیر بەهەمەدان و لوڕستانەوە دەبەستێ.. گومانی تێدا نییە کە زمانی، ئەو زمانە دەردەخا کە لەم لایەی ئێرانەدا بەزیندوویی ماوەتەوە. نزیکیی ئەم زمانەش لەفارسییەوەو هەروەها ئەوانەی ئەم دێڕە شیعرانە دووبارە دەکەنەوە کە سەرزارەکی گەیشتوون، شێوەزمانیان جیاجیایەو مۆرکی شێوەکانی خۆیانیان لەم دێڕە شیعرانە داوە، بۆ ئەوەی ئاسانتریان بکەن، بۆیە چەسپاندن و توێژینەوە لە زمان و شێوەی ڕاستەقینەی ئەم دێڕە شیعرانەیان دوورەدەست کردووە.

هەروەها بەمجۆرە، بەدوور نابێ مریدە سادەکانی باباتاهیر ویستبێتیان لاسایی بکەنەوە، بەتایبەتی یەك لە کوردە دیانە هاوچەرخەکان، دانی بەوەدا نابوو کە بۆ گەیاندنی هەندێ هەواڵ بە (ئەهلی حەق)، هەندێك شیعری بە (شێوەی گۆران) داناوە کە گەلێك لەشێوە تایبەتییەکەی خۆی دوورە. (د.سەعید خان ـ Mw ـ جیهانی ئیسلام ـ کانوونی ۱۹۲۷ـ ل/٤) و لەوناوچەیەدا کە لە نێوان (هەمەدان) و (خوڕڕەم ئاباد)دایە، ئەمڕۆ چەندین شێوەمان بەرچاو دەکەوێت، لەگەڵ

ئـەوەشدا کـە شێوەی بـابـاتـاهـیر بـە هـیـچیـانـەوە پـەیوەست نـییـە، کـەچـی پێوەندیی بە هـەمووشیانەوە هـەیە، بۆیە پێویست ناکا باس لە نزیکیی ئەو دەقـە تـازانـەی چـوارینـەکـانـی بـابـاتـاهـیرە بـەزمـانـی ئـەدەبیی فـارسییەوە بـکـرێ. لـەلایـەکـی دیـکـەوە، ئـەو جـیـاوازیـیـانـەی خـوارەوە لـە تایبەتمەندییەکانی شێوەی لوڕییە.

نووم: ناو. دەستوم: دەستم. ڕەفتوم: ڕۆیشتم. دیر: دوور (بڕوانە: ١٤ و Huart – دیوان، ژ/٨٢).

ڕەگگەلی وەك: ڤاچ (ئاخاوتن)، کار (کارکردن) لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی و شێوە ناوەندییەکانن، هـەروەهـا وشەگەلی وەك: (می ـ کار ـ وو) کاردەکا، (ئای ـ وو) دێت. ئەو شێوە گۆڕانییەمان بیردەخاتەوە کە لە خۆراوای دووردا قسەی پێ دەکرێ.

هـەروەهـا هـەندێك تایبەتمەندیی دیکەش هـەن، وەك: (دیروم) لە ناوچەی کازروون (شیراز و دەوروبـەری)دا دەبینرێ.

چـوارینـەکـان بـە شێوە تـازەکـانیـانـەوە پشتگـیریـی لـێکـۆڵـینـەوە وردەکانی(Handak)دەکەن کە بۆمان دەردەخا، چەند شێوەیەکیان تێدا بە یەکدا چوون.

ئـەو زاراوەی لـەلایـەن (هـووارت ـ ١٨٨٥)وە لـەبـارەی زمـانـی بـابـاتـاهـیرەوە پێشنیاز کراوە کە پێشنیاری کردووە ناوی (پـەهـلـەویی ئیسلامی)ی لێ بنرێ، لەلایەن زانایانەوە پشتگیریی لێ نەکراوە.

کێشی شیعریی چوارینەکانی باباتاهیر (هـەروەهـا غەزەلەکانیشی) هـەر کوتومت هـەزەجی شەشجارەی لێ لابراوە (الهزج المسدس المحذوف//ب ـ ـ ـ/ب ـ ـ ـ/ب ـ ـ)، بەم هۆیەوە مۆرکی تازەی پارچە شیعرەکانی بـابـاتـاهـیر ڕێ بـەوە دەدا لـەجـیـاتـی چـوارین (ربـاعی) پێی بگـوترێ (دووبـەیت)، چـونـکـە وشەی ڕوبـاعـی (الـربـاعـی) تـایبـەتـە بـە هـەزەجی

مەقفوولی مەقسوور (الهزج المقفول المقصور//-- ب ب/-- ب ب/-- ب ب/-).

هەندێکیش لەو چوارینانەی دەدرێنە پاڵ باباتاهیر پێدەچێ گومانیان لێ بکرێ. لەلایەکی دیکەوە، ئەو کێشانەی بەکاری هێناون لە گۆرانییە میللییەکاندا ناسراون (میرزا جەعفەر ـ

Yazika-Pers-Gramm,korsc ) مۆسکۆ، ١٩٠١ـ ل/٣٠٨.

## شاعیریتیی باباتاهیر:

ئەو پارچە شیعرە کەمانەی لە کۆمەڵە دەستنووسەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدەدا ناسرابوون، تا ساڵی ١٩٢٧ هەر ئەوانە ناسرابوون. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی (هووارت)، ساڵی ١٨٨٥، ٥٩ پارچە و ساڵی ١٩٠٨، ٢٨ پارچەی دیکەو غەزەلێك دۆزرابوونەوە. هاروون ئەلن -یش تەنیا سێ پارچەی دیکەی دۆزیبووەوە، ( هەر چییەك بێ ئەم پارچە شیعرانە گەلێك گومان لە ڕاستییان دەکرێ)و لزژینسکی کە لە دەستنووسەکانی بەرلین سوودی بینیوە، ٨٠ پارچەی (جگە لەوانەی هووارت) و یەك غەزەلی وەرگێڕاوە. دواییش ( وەحید دەستگەردیی ئەسفەهانی )ی بڵاوکەرەوەی گۆڤاری ئەرمەغان (أرمغان) ی فارسی لە (١٣٠٦ - ١٩٢٧)دا دیوانێکی لە تاران بڵاوکردووەتەوە (٢٩٦) چوارین و (٤) پارچە (غەزەل)ی بڵاوکردووەتەوە، بڵاوکەرەوە (٦٢) چوارینەی دیکەش (هـ. ئەلن) خستبوویە ناوەوە، وەك پاشکۆی دیوان. ئەو پارچە شیعرانەی لەناو دیواندا بەپێی پیتە ئەبجەدییەکانی سەرواکانیان ڕیز کراون. بەڵام بەداخەوە بڵاوکەرەوە هیچ زانیارییەکی لەبارەی ئەو دەستنووسەوە نەداوە کە کردوویەتییە بناغەی چاپکردنی دیوانەکە. ناوی باباتاهیر و هەردوو

چیای (ئەڵوەند) و (مەیمەند؟) و هی دیکەش لە چوارینە نوێیەکاندا هاتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە گوتنەوەی ئەم ناوانە بەشێوەیەکی زیادەڕۆیانە دووبارە کراوەتەوە، ئەمەش کەسایەتیی باباتاهیر دەچەسپێنێ و لەگەڵ سەختیی لاساییکردنەوەی دەربڕینەکانی شێوە زمانە ناوچەییەکانی شێوە زمانی باباتاهیریشدا، ئەم چوارینانە وەك بەڵگەی سەلماندن بەکار دەهێنرێن.

دۆزی ڕاستی و ناڕاستیی پارچە شیعرەکانی باباتاهیر، بەو شێوەیەی لەگەڵ عومەری خەییام –دا دەکرێ، بێگومان دەبێتە بابەتێکی لێکۆڵینەوە.

(ژۆکۆفسکی) دەڵێ: دیوانی مەلا موحەممەد–ی سۆفیی مازەندەرانی.. دەوروبەری سەدەی یانزدەهەم –یش چەند پارچە شیعرێکی باباتاهیری تێدایە و (محەمەد شاتر)ی شاعیری هەمەدانی–ش گوتوویەتی گوایە خۆی نووسەری گەلێك پارچە شیعرە بەشێوەی کوردیی (پەهلەوی) کە وەك دەڵێ، دەدرێنە پاڵ باباتاهیر (بڕوانە: دیوان –ل/ ٢١).

بابەتەکانی شیعر لەلای باباتاهیر لەدەرەتانێکی تەسکدایە، بەڵام شاعیر ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەگەر ئەو (٥٩) پارچە شیعرە شی بکەینەوە کە لەلایەن (هووارت)ەوە بڵاوکراوەتەوەو بەنموونەمان هێناونەتەوە، هەر وەك واش بووە، وێنەکێشانی هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان خۆشەویستیی سۆفییانە و خۆشەویستیی دنیاییدا گەلێك زەحمەتە.

(٣٤) پارچەیان، ڕێك بەم دوو جۆرە شیعرە لیریکییە پۆلێن دەکرێ و دوو پارچەشیان بۆ سوپاس و پەسنی خودای گەورەو ئەوانی دیکە، مۆرکی کەسایەتی و خودییان پێوەیەو باس لە ژیانی دەربەدەری و سۆفییەتیی باباتاهیر دەکەن، هەروەها باس لەوە دەکەن کە زەویی کردووەتە سەرینی کاتی نووستن و هەمیشە لە نیگەرانی و دوور لە

حەسانەوە، ژیانی بەسەربردووە.

(پارچەکانی ٦، ٧، ١٤، ٢٨) و بیرکردنەوەو پەژارە یەخەی بەرنادەن و تاکە پشکووتووی ناو دڵی، (گوڵ)ێکەو هەروەها تەنانەت خۆشییەکانی بەهاریش شادیی پێ نابەخشن (٣٤، ٣٥، ٤٧، ٥٤). باباتاهیر بەفەلسەفەی سۆفیگەرییەوە پەیوەستە. دان بە هەڵەکانی خۆیدا دەنێ، تکا دەکاو دەپاڕێتەوەو داوای لێبوردن دەکا، ئەو عاشقی گۆرانییە، وای دەبینێ کە گرفتی نیگەرانیی بە گۆرانی گوتن نەبێ یەکلا نابێتەوە: (١، ١٣، ٤٥، ٥٠، ٥٨)، ئەم لێدووانە مرۆڤانەیە لەلای باباتاهیر بەرچاو دەکەوێ، ئەو بە ئاسانی ناتوانێ چاو و دڵی بەرامبەر جیهان دابخا، دڵە یاخییەکەی تاسەیەکی هەمیشەیی هەیە بۆ تاکە ساتێکیش جێی ناهێڵێ، شاعیر وەك شێت هاوار دەکا:

مەگەر شیرو پولەنگی ئەی دل ئەی دل
بموو دایم بجەنگی ئەی دل ئەی دل
ئەگەر دەستوم ڕەسەد خوونت بریجم
بوینوم تا چە ڕەنگی ئەی دل ئەی دل
(٣، ٨، ٩، ٢٦، ٣٦، ٤٢).

## ناسنامەی ئەدەبیی باباتاهیر:

کەسایەتیی باباتاهیر هاودژییەکی گەورە لەگەڵ کەسایەتیی عومەری خەییام (٥١٧ی کۆچی = ١١٢٣ی زایین مردووە) دەردەخا.

بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانەی بەهۆی مردنەوە، لای عومەری خەییامدا ڕوودەداو هەروەها بەرامبەر بیرۆکەی (بەختویستی Medonizm)دا بەبێ جووڵەو دەستەوسان ناوەستێ. عومەری خەییام دوور لە ڕەوتی سۆفییانەیە دەمێنێ، کە لەلای باباتاهیر هەیە. ئەو لایەنانەی مرۆڤ شاد

دەكا، لای باباتاهیر ئەو هەست و نەستە نوێبووەوەیەیە كە هێشتا نەبووەتە دیلی داب و نەریتی سۆفییەتی. ئەو سادەیییەی لە خەیاڵ و ڕوونیی زمانیدا هەیە كە تام و بۆی شارەكەی پاراستووە. (فیتز جیرالد)ێكی نوێ لەوانەیە باباتاهیر بكاتە ڕەقیبێكی شایستەی عومەری خەییام.

## سۆفییەتیی:

لەكاتی لێكۆڵینەوەیدا لەبارەی باباتاهیرەوە، ئەو سۆفییانەی (ژۆكۆفسكی) بینیونی، گوتبوویان باباتاهیر چەند نامیلكەیەكی میتافیزیكیی نووسیوە: (بڕوانە: ڕەزا قولی خان) كەچی ئەو لێكۆڵینەوانەی لە (ئۆكسفۆرد) و (پاریس ـ bibl - nat)ی ئەوروپادا لەبارەی پارچە شیعرەكانی باباتاهیرەوە ئەنجام دراون، دوای تێبینییەكانی(`Ethe) و (بلۆكێت) زانراون. ئەلكەلیماتولقیسار (الكلمات القصار) لەلایەن (ئەرمەغان)ەوە بڵاوكرایەوە، ئەم نامیلكەیە كراوەتە (٢٣) بابەت كە لە (٣٦٨) پارچەی گچكە پێكهاتووەو بابەتەكانی: زانست و زانیاری (العلم والمعرفە)، سرووش و ژیربینی (الألهام والفراسە)، ئاوەزو دەروون ـ خود (العقل والنفس)، دنیاو دوا ڕۆژ (الدنیا والعقبی)، بیستن ـ سەماو یادكردنەوەی خودا (السماع والذكر)، دڵسۆزی و دوور پەرێزی (الاخلاص والاعتكاف)... الخ (*).

نموونەی هەندێك لەم پارچە گچكانە: ژمارە/٨٦: زانینی ڕاستەقینە (علم الیقین)، ئەو پێشبینییە بەدیهاتووەی دوای گەیینە بەزانینی بێگومان. ژمارە/٩٦: وەجد: بزربوونی زانیارییەكانی بوونەوەران و بوونی بزر بوو. ژمارە/٣٦٨: ئەوەی دەبینێ كۆست لەلای خوداوە دێ، بێهێزو بێدەسەڵات دەبێ. ژمارە/٣٠٠: بە نەزانی كوژراو هەرگیز نەژیاوە، كوژراوی بە خوداپەرستیش نەمرەو نامرێ. بڵاوبوونەوەی (الكلمات

القصار) لەلای سۆفییاندا ئاشكرا و زانراوە، بڵاوكەرەوە ئێرانییەكەش ئەم ڕاڤانەی ئەم كتێبە باس دەكا: لێكدانەوەی عەرەبی، ئەوەی دەدرێتە پاڵ عەینولقوزاتی هەمەدانی (عين القضاة الهمداني) (كە ساڵی ٥٣٣ی كۆچی مردووە و لە گەلێك ئەفسانەدا لەگەڵ باباتاهیردا باس كراوە)، لێكدانەوەی دیكەی بەزمانی عەرەبی، هی نووسەرێكی نەناسراوە، لێكدانەوەكانی (مەلا سوڵتان عەلیی گوونابادی) بە عەرەبی و فارسی (لێكدانەوەی فارسی، دەوروبەری ساڵی ١٣٢٦ ـ ١٩٠٦ چاپ كراوە، بەڵام تا ڕادەیەكی زۆر، دەگمەنە)، بڵاوكەرەوەی ئەرمەغان هیوادارە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم نامیلكەیە بە لێكدانەوەیەكەوە لەلایەن خۆیەوە بڵاو بكرێتەوە.

دەستنووسی ژمارە (١٩٠٣) ئەوەی لە بیبلۆگرافیای (Nat)دا باسی لێوەكراوە، هەشت بەشی كۆپیكراوەی كورتكراوەكانی پارچەكانی باباتاهیر لەخۆ دەگرێ. (لاپەڕە ـ ١٠٠ب، ١٠٥ب) لێكدانەوەكانیشی (لاپەڕە ـ ٧٤أ، ١٠٠أ)، ناوی ئەم كۆپییەش (الفتوحات الربانية في الأشارات الهمدانية)، هەر لەم دەستنووسەوە تێدەگەین كە دەستنووسەكە بەخەتی (جانی بەگی عەزیزی) نووسراوەتەوەو هەر خۆیشی خاوەنی ئەم لێكدانەوانەن و هەروەها تێدەگەین، لە شەووالی ٨٨٩ی كۆچی دەستی بەدانانی كردووە و لە ٤ی شەعبانی ٨٩٠ (١٤٨٥) دا لێی بووەتەوە.

دانانی كتێبەكەش لەسەر داوا و هاندانی شێخ ( ئەبولبەقا) كە خاوەنی ئاماژەكان (إشارات) ی باباتاهیر، لە (٨٥٣)دا دەستی بەنووسینی كردووە، بەڵام ئەو دەستنووسەی (إشارات)ەكەی تێدایە، كەوتبووە (بیری زەمزەم) لە مەككە، بەڵام هەرچۆنێك بێت دەستنووسەكە ڕزگاركراوەتەوە.

لەبەر قووڵیی دەق و دژواریی، زانایان دەستیان لە ڕاڤە كردنی هەڵگرتووە و لێكدانەوەكەی بە (ئەبولبەقا) سپێرراوە، بەڵام (ئەبولبەقا) دواتر كارەكەی داوەتە (جانی بەگ)، ئەم لێكدانەوەیەش وشەكانی دەقەكەی یەكەیەكە بە ڕاڤە ڕوون كردووەتەوە.

## باباتاهیری چاك

هەروەكو لە باسی گەلێك لە شاعیرە سۆفییەكاندا گوتراوە، وەكو (عەتتار و جەلالوددینی ڕۆمی و حافز) لەبارەی ژیان و كارپەسندیی باباتاهیریش گوتراوەو كارپەسندییەكی زۆری باس دەكرێ، وەكو باسیش كراوە، ڕۆژێكیان باباتاهیر لە قوتابییانی قوتابخانەی هەمەدان پرسی، ئەركی خوێندنی زانست چییە؟ قوتابییەكانیش بەتیزەوە پێشنیاری بۆ دەكەن، شەوێكی زستان لەناو بەفراوی حەوزی مزگەوتدا بەسەربەرێ، باباتاهیریش زۆر بە وردی ئەو پێشنیارە جێبەجێ دەكا، ڕۆژی دواتر باباتاهیر خۆی بینی كە بە ڕووناكیی زانست ڕووناك بووەتەوەو هاوار دەكا (ئێوارە كورد بووم و بەیانی عەرەب) كە ئاماژیە بۆ قووڵ بوونەوەی لە زانستە ئیسلامییە عەرەبییەكان، ئەم باسە كارپەسندییە لەلایەن (ژۆكۆڤسكی)یەوە لە تاران و لەلایەن (بووشیر)یشەوە، سەلمێنراوە، ئەمەشیان ئەوەیە كە (هاڕوون ئەلن) سوودی لێ وەرگرتووە و ڕووداوەكەش لە هەمەداندا بەناوبانگە (بڕوانە: دیوان – پێشەكی –ل/ ١٧ و دەستنووسەكانی هەمەدان) كە ئەم دەستەواژە عەرەبییە لە پێشەكیی فەتوای جەلالوددینی ڕۆمی –شدا هەیە و تێیدا دەدرێتە پاڵ باپیرەی (ئیبن ئەخی توركی ڕۆمی)ی سۆفی، بەلام كتێبی نەفەحاتولئونس(نفحات الانس)ی جامی (بلاوكەرەوەی: ناسسولیس– ل/٣٦٢ و دواتر)، ڕستەكە دەداتە پاڵ ئەبولعەلای بابوونی و لە كارپەسندییە ئایینییەكانی دیكە، كە پرسیارێكی ماتماتیكی لێ پرسرا بوو لەبارەی ئەندازیارییەوە (علم الهیئة)، ئەمیش بە نووكە پەنجەی پێی وێنەی كێشاوە... تاد (ژۆكۆڤسكی، هاڕوون ئەلن، لززینسكی، پێشەكیی دیوان و دەستنووسەكانی هووارت). كۆبینو پێشتر ئاگادار بووەوە (Trois ans en Asie Paris,١٨٥٩،٣٤٤/ل)

كە لایەنگرانی (ئەهلی حەق) لەو بڕوایەدان كە شیعری شاعیرە سۆفییە

ناسراوەکان، بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی بەشێوەی لوڕییان نووسیوە... باباتاهیر و (بیبی فاتمە)ی خوشکی... تاد. ئەوانەی بە شێوەیەکی نائاسایی لاسایی شیعرەکانیان دەکرێ.. کە ڕێزی زۆریان لێ دەگیرێ و ناویان بەرز دەکرێتەوە.

دۆزینەوەی کتێبی (سەرەنجام) کتێبی ڕێبازی (ئەهلی حەق)، توانیویەتی بە شێوەیەکی چەسپاو باباتاهیر لە جێی ڕاستەقینەی خۆیدا دابنێ لەناو بیرو باوەڕی ئەم ڕێبازەدا.

ئەهلی حەق بڕوایان بە حەوت دیاردە، یان (دۆنای دۆن- تناسخ) ی خودایەتی هەیە، ئەوەش: یەکەم: خودایەك بەر لە هەمیشەیی (ما قبل الأبدیة). دووەم: ئیمام عەلی. سێیەم: باباخۆشین. چوارەم: سوڵتان ئیسحاق (سوهاك). هەموو ئەم دیاردانەش یەك کاریان پێ سپێردراوە، سەرباری پەیوەندیی بە چوار فریشتە. کەواتە باباتاهیر فریشتەیەکە لە فریشتەکانی باباخۆشین و وێنەکەی بەوێنەی (عزرائیل و نوسەیر) دادەنرێ. ئەم قۆناخە سۆفییەش کە بەرامبەر خولی باباخۆشین-ە، زانیاری (المعرفة) پێکدەهێنێ. ڕووداوەکانی ئەم دەوڵەتەش لە لوڕستان و هەمەداندایە.

کتێبی سەرەنجام باسی سوڵتانی جیهان و سەردانی تەکیەی باباتاهیر لە هەمەدان، مەبەستیش لە سوڵتانی جیهان (باباخۆشین)ە. بەڵام ئەم کارپەسندییە، وا دیارە لە سروشتی ئەو گێڕانەوەیەوە وەرگیراوە، لەبارەی (تۆغروڵ)ەوە کە لە ( ڕاحەتوس سودوور)دا باس کراوە و (گێڕانەوەیەکی لاواز) یش باباتاهیر و فاتمە لیرە..لوڕە!) دەداتە پاڵ تایەفەی (بەرەشاهی)ی سەربە گۆران! (فاتمە لوڕە)ش کە لەخزمەتی باباتاهیردا بووە، بەیەك جەم خواردنی (چاریەك) لەشکری سوڵتانی هەر هەموو تێر کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە سوڵتان (مەبەست تۆغروڵ-ی سوڵتانی سەلجووقییانە)، بۆ ڕاکێشانی دۆستایەتی و دڵی باباتاهیر، بەهەموو

گەنجینەی دنیا، باباتاهیر تەنیا مەبەستی جوانیی سوڵتان بووە. فاتمەش دەیەوێ شوێنپێی سوڵتان هەڵبگرێ، سەری دەخاتە سەر ڕانی و گیان دەسپێرێ، لەبەر لەناوچوونی فاتمەش، سوڵتان دڵی باباتاهیر دەداتەوەو بەڵێنی بە فاتمە گەیینی ڕۆژی پەسلان (حەشر)ی دەداتێ، هەر وەکو بەڵێنی بە مەجنوون و لەیلا داوە.

سێ پارچەی ناتەواو، بەڵام لەشێوەی باباتاهیر چوو، ئاخنراوەتە ناو نووسینی (بڕوانە: مینۆرسکی، ماتریالی ل/ ٢٩-٣٣، ٩٩-١٠٣و لززینسکی سوودی لەم زانیارییانە بینیوە. ل/ ١٨-٢٥). هەروەها لە دەقە نووسراوەکەدا هەیە کە (فاتمە لوڕە)ی بابەتی باس، لە نزیك باباتاهیرەوە نێژراوە، پاسەوانانی گڵکۆی باباتاهیریش دەڵێن، فاتمەیەکی دیکە، هەر لەو ناوەدا نێژراوە، دەبێ تێکەڵی یەکدی نەکرێن. گابینۆ (أ.ڤ. و.جاکسن)یش ناوی خوشکی باباتاهیر دەردەخا کە (بیبی فاتمە) یان (فاتمە لەیلا)یە. هەروەها (ئازاد هەمەدانی) (دیوان- ل/ ١٦-٢١) ژنە شیردەری باباتاهیر (مامان) باس دەکاو پەیوەندیی نێوان باباتاهیرو فاتمەش کە بە شێوەیەکی مەدەنی بووە باس دەکا، ئەوەش دەردەخاو پرسیارگەلێکی دیکە دەورووژێنێ. ئەو پارچەیەی لە پێشەکیی لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە (ئەلف- ئەلف قەد)، بەشێك لە تاسەکانی باباتاهیر ڕەنگ دەداتەوە.

**سەرچاوە:**

بەرگی دووەمی – ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامی

چاپی تورکی-ی (لاتینی) ساڵی ١٩٦١- ل/ ١٦٦-١٧٠

---

(*) ئەمانە زاراوەی سۆفییانن، دژوارە بگۆڕێنە سەر زمانێکی دیکە.. من لێرەدا تەنیا بۆ کەمۆکەیەك نزیکخستنەوەیان لە کوردی بەرامبەرەکەیانم داناوە.

# چوارینەکان

سۆرانی – لوڕی

١

شەوی تــاریك و سەنــگستــان و مــن مــەست
پــیـاڵـەم کـەوت لـەدەستـم، کـەوت و نـەشکـەست
نــیــگــاداری بــەچــاکــی چــاوی لــێ بــوو!
دەنــا سەد پــیـاڵـە، بـێ وەی بـەربـێ شکـەست

شو تــاریك و سنــگستــان مــو مست
قــدح از دست مـــو افــتــادو نشکست
نـگـەدارنـده اش نـیـکـو نـیـگـهداشت
وگـر نــه صد قــدح نـفـتـاده بشکست

٢

تــۆ نــاپــرسی لــەیــاری دڵ زامــارت!
کە وەل کێت بردە سەر، باغ و بەهارت
ئــەتــۆ لــەم مــاوەدا لــەمـنت نـەپـرسی
لــەگــەڵ کــێ بــوو نـزانم! سەروکــارت

نمی پـــرسی زیـــار دلـــفـــگـــارت
کــە وا کـیـان گذشت بـاغ و بـهـارت
تــە یــاد مــو در ایــن مـدت نـکـنـی
نــدانم واکــیـــان بـــی سروکـــارت

### ٣

دڵێکم هەس چو کڕیاری ئەوینێ
بەوی وا گەرمە بازاڕی ئەوینێ
جلێ بچنم.. ئەوەندەی بەژنەکی دڵ
بە پۆ دەردو.. بە تان، تاری ئەوینێ

دلی دیرم خریدار محبت
کز او گرم است بازار محبت
لباسی بافتم برقامت دل
زپود محنت و تار محبت

### ٤

بەوان خۆزگەم، شەوانە تۆ دەبینن
قسان وەل تۆ دەکەن یا دادەنیشن
ئەگەر دەستم نەگا بێم تۆ ببینم!
دەچم دا وان ببینم، تۆ دەبینن..

خوشا آنان کە هرشامان تە وینند
سخن واتە کرن، واتە نشینند
گرم دسرس نبی آیم تە وینم
بشم آنان بوینم کە تە وینند

٥

شەوی دی بوو کە من گیانم بسووتێ
لــە ئـێخــەم تــا بــەدامــانم بسووتــێ!
لـەبـەر زەوقـی دڵـی یـەك سەوزە ڕەنگێ
دەتـرسم نــەك خـۆم ئـیمـانم بسووتـێ

دگــر شوشد کـــه مـــو جـــانم بسوزد
گـــریـــبـــان تـــا بـــدامـــونم بسوزد
بـــرای خـــاطـــر یك سبـــز رنـــگـــی
هـــمـــی تـــرسم کـــه ایمونم بسوزد

٦

بـەوان خـۆزگـەم کـە نـازانن بـخوێنن
نـە پـیـتـێـکی دەنـووسن نـە دەخـوێـنـن
وەکـو مـەجـنـوون لـە سارا دادەنـیشن
بـەکـێودا ڕێ دەکـەن ئـاسکـان دوێـنـن

خـــوشا آنونـــکـــه هـــر ازبـــر نـذونـنـد
نــه حــرفــی وانــویسند نــه بــخــونـند
چــو مـجـنـون رونـهـند اندر بـیـابـان
درایـــن کـــوهـــا رون آهو چــرونـند

٧

شەوانەم خەو لەخاکی جێی گوڵان بوو
گوڵم دەچنین، خەوی خۆشم زیان بوو
کە دیتی باخەوان گوڵ بۆتە دۆستم
هەزاران دڕکی بۆ گوڵ پاسەوان بوو

شوانم خواب در مرز گلان کرد
گلم واچیدو خوابم را زیان کرد
باغبان دید کە مو گل دوست دیرم
هزاران خار برگل پاسبان کرد

٨

خودایە، گەردنی گەردوون ببێ ورد
کە ڕۆڵەی ئەم جیهانەی هەر هەموو برد
یەکێ ناڵێ فلان کەس زیندوو بۆوە
هەموو ئێژن: فلان کوڕی فلان مرد

الهی گردن گردون شود خرد
کە فرزند جهان را جملگی برد
یکی نایە فلانی زندە وابی
همی گویند فلان بن فلان مرد

## ٩

نەسەر ڕۆنراوە بۆ من خۆ، نە سامان
پەرێشانم، کە ڕۆنراوم پەرێشان
پەرێشان دڵ، هەموویان چوونە بن گڵ
ئەمنیان هەر لە خۆڵی وانە ڕۆنان

مرا نەسر نە سامان آفریدند
پریشانم پریشان آفریدند
پریشان خاطران رفتند درخاك
مرا از خاك ایشان آفریدند

## ١٠

گوڵاڵەی سەر کۆسارانم ئەتۆی یار
وەنەوشەی دەم جۆبارانم ئەتۆی یار
گوڵاڵەی کێوو شاخان هەفتەیێ بوون
ئومێدی ڕۆژگارانم ئەتۆی یار!

الالەء کوهسارانم تەیی یار
بنفشە جوکنارانم تەیی یار
الالە کوهساران هفتەیی بی
أمید روزگارانم تەیی یار!

## ١١

مـــنـــێك سەر لـــە بـــیـــابـــانم شەوو ڕۆژ
ئـــەسربـــارێنـــە چـــاوانم شەوو ڕۆژ
نەتام لێیە، نە دەردیش جێم دەهێڵێ
تـــەنـــێ دزانم بـــەگـــریـــانم شەوو ڕۆژ

مـــوكـــە سر در بـــیـــابـــونم شوو روز
سرشك از دیـــــده بـــــارونم شوو روز
نـــەتب دیـــرم نـــە جـــایـــم مـــیـــكـــنـــد درد
هـــمـــیـــدونم كـــە نـــالـــونم شوو روز!

## ١٢

بـــە ئـــاخـــێك گـــوممەزی والا بسووژم
هـــەمـــوو گـــەردوون سەراتـــاپـــا بسووژم
دەسووتـــێم گـــەر تـــۆ كـــاری مـــن نـــەسازی
دەفەرمووی چی؟ دەسازی یا.. بسووژم

بآهـــی گـــنـــبـــد خـــضرا بسوجـــم..
فـــلـــك را جـــمـــلـــە سرتـــاپـــا بسوجـــم
بسوجـــم ار نـــە كـــارم را بساجـــی
چـــە فـــرمـــایـــی بساجـــی یـــا بسوجـــم

١٣

مـن ئـەو ڕەنـدەم کـە پـێم یـێژن قـەڵـەنـدەر
نە خانووم هەس نە کەلپەل هەس نە لەنگەر
بـەدەوری کـووچـەتـا ڕۆژگـار ئـەسوورێم
کـە شەو دادێ بـە خشتـانـدا دەنـێم سەر!

مـو آن رنـدم کـه نـامـم بـی قـلـنـدر
نـه خـوان دیـرم نـه‌مـان دیـرم نـه لـنـگـر
چـو روز آیه بـگـردم گـرد کـویـت
چـو شو آیه بـخشتـان وانـهـم سر

١٤

جریتباز بووم ئەمن ڕۆشتم لەبۆ ڕاو
کـە تـیری دا لـە بـاڵـم دەستێ ڕەشباو
بـەبێ ئـاگـا مـەچۆ بۆ چـەشمـە ساران!
لـەبێ ئـاگـا دەدەن تـیـری لـە نـاکـاو..

جـره بـازی بـدم رفـتـم بـنـخـچـیـر
سیـه دستـی زده بـر بـال مـو تـیـر
بـوره غـافـل مـچـر در چشمـه ساران
هرآن غـافـل چـره غـافـل خـوره تـیـر

١٥

ئـەتـۆ سینگ یـاسەمـەن، لـێو شەکرە خـاویّ
مـن ئـەو تـەن ئـاگـریـنـەم چـاو بـە ئـاویّ!
لـەوەی تـرست هـەیـە بـێیـتـە هـەمـێزم
بـە ئـاگـر زیـو، بـەئـاو شەکـرت دەتـاویّ

تـویـی لـو شکـریـن و یـاسمـیـنـبـر
مـو آن تـن آذریـنـم دیـدگـان تـر
از آن تـرسی در آغوشم بـیـایـی
کـز آذر سیـم گـدازه ز آب شکر

١٦

ئـەنـاڵم شەو، شەوی شەوگیر ئـەنـاڵم
لـە دەستـی یـاری بیّ تـەگبیر ئـەنـاڵم!
گەهیّ هـەر وەك پڵنگی تیر خواردوو
گـەهـیّ وەك شێری نـاو زنجیر ئـەنـاڵم

شوی نـالـم شوی شوگـیـر نـالـم
زدست یـار بـی تـدبـیـر نـالـم
گـهـی هـمـچـون پـلـنگ تـیر خـورده
گـهـی چـون شیـر در زنجیـر نـالـم

۱۷

دڵــۆ چــوونـــی، دڵــۆ چــوونـــی، دڵــۆ چــوون
هـەمـوو خوونـی، هـەمـوو خوونـی، هـەمـوو خوون
لــەبــەر لــەیـلایـەکـی سەرکـوڵـمـە زیـویـن!
وەکوو مـەجـنوونـی، وەك مـەجـنوونـی.. مـەجنوون

دلا چـــونـــی دلا چـــونـــی دلا چـــون
هـمـه خـونـی هـمـه خـونـی هـمـه خـون
زبـــهـــر لـــیـــلـــی سیـمین عـــذاری
چو مجنونی چو مجنونی چو مجنون

۱۸

خـەمـی دەردم لـە عـەتـتـارێ بـپـرسە
درێژیـی شەو لــە بـیـمـارێ بـپـرسە!
هـەموو خـەڵکی لـە چۆنێتیم دەپرسن
کـە تـۆ گـیـان و دڵـی، جـارێ بـپـرسە

غـم درد مــو از عـطـار مـیـپـرس
درازی شو از بـیـمـار مـیـپـرس
خـلایـق جـمـلـگـی أحـوال پـرسـند!
تـه کـه جـان و دلـی یـکـبـار مـیـپـرس

١٩

شەوی تاریکە گورگ مێگەل دەکەن کێش!
دوو زوڵفی خۆت حەمایەڵ کەو وەرە پێش
لە سووچی لێوتەوە ماچێ بەمن بە..
ببێژە، هەر لەڕێی خوا، دام بە دەروێش

شو تار است و گرگان میزنن میش
دو زولفونت حمایل کن بوره پیش
از آن کنج لبت بوسی بموده..
بگو راه خدا دادم بدرویش!

٢٠

خوداوەندا، کە بێزارم لەدەس دڵ
شەوو ڕۆژان لە ئازارم لەدەس دڵ
ئەوەند گریام لە ناڵەم تەنگە دڵ، تەنگ
بسێنەی لێم کە بێزارم لەدەس دڵ

خوداوندا مو بیزارم ازین دل
شوو روزان در آزارم ازین دل
زبس نالیدم از نالیدنم تنگ
زمو بستان که بیزارم ازین دل

٢١

گـوڵـێ، خـۆم پـێی بـبـەخشم پێچ و تـاوی
بــەئـــاوی چـــاوەکـــانم دامــبـــێ ئـــاوی
بـــە دەروازەی خـــودایـــی کـــەی ڕەوایــــە
گـــوڵـــی مـــن، بــۆ کــەسی دی بـــێ گـــوڵاوی

گـلـی کـه خـوم بـدادم پـیـچ و تـابش
بآب دیـــــدگــــــانم دادم آبش!
بــــدرگــــاه إلــــهـــی کـــی روا بـــو
گــل از مـــو دیـــگـری گـیـره گـلابش

٢٢

خـــۆزی بــــەو ڕۆژه وا گـــۆڕم دەبـــێ تــــەنگ
سەریـنـگـای سەرمـە مـن خشت و گڵ و سەنگ
ڕووەو قـیـبـلــەن دوو پـێم، گـیـان لـە بـیـابـان
تــەنم وەك مـــارو مـــووران هـــەر دەکـــا جــەنگ

خـوش آنروزی کـه قـبـرم مـیـگـیـره تـنـگ
بـــبـــالین سرم خشت و گـــل و سنگ..
دو پـــا در قـبـلــەو جـان در بـیـابـان
تـنـم بـا مـارو مـوران مـیـکـره جـنـگ

٢٣

دڵۆ دەنگم، دڵۆ دەنگم.. دڵۆ دەنگ!
کە شووشەی ئابڕووم کێشایە سەرسەنگ
هەموو ئێژن بە من بێ ناو و نەنگی
کەسی ڤیندار دبێ: چش ناوو چش نەنگ

دلا دنگم دلا دنگم دلا دنگ
زدستم شیشەء ناموس برسنگ
همه واژن بمو بی نام و ننگی
کسی که عاشقه چش نام و چش ننگ

٢٤

دڵێکم هەس دڵێ دێوانەوو دەنگ
نزانم من کە ناوم چاکە یا نەنگ!
لە ئەم دێوانەییمە ڕۆژێ دەردێم
بەداوێنی سپیی دڵبەر دەدەم چەنگ

دلی دیرم دلی دیوانه و دنگ
نذونم مو که دیرم نام یا ننگ
از این دیوانگی روزی برآیم
که در دامان دلبەر برزنم چنگ

٢٥

وەی لــەو ڕۆژەی لــە گـۆڕێکـم دەنـێن تــەنگ
دەڕێژنـــە سەرسەرم خـــاك و گــڵ و سەنگ
نــە پـێم ئـەویـانــە، پـێی هـەڵـبـێم لـەمـاران
نەدەست ئەویانە وەل موور پێی بکەم جەنگ

وای آنروزی کـه در گـورم کـرن تـنگ
وریــژن بــرسرم خـاك و خس و سنگ
نەپای آنکه از مـــاران گـــریـــزم
نـه دەست آنکه بـا مـوران کـنـم جـنگ

٢٦

مــەگــەر شێرو پـڵـنـگـی ئـەی دڵ ئـەی دڵ
لـەگـەڵـمـا هــەر لـەجـەنگی ئەی دڵ ئـەی دڵ
دەسم بـــڕوا ئـــەگـــەر، خـــوێنت دەڕێژم
بـبـیـنـم دا، چ ڕەنـگـی، ئـەی دڵ ئـەی دڵ

مــگــر شیــرو پــلــنــگــی ایــدل ایــدل
بمو دایــم بــجــنــگــی ایــدل ایــدل
اگــر دستــم رسد خــونت بــریــجــم
بــویــنــم تــا چــه رنـگـی ایـدل ایـدل

٢٧

خودایه داد لەدەس دڵ، داد لەدەس دڵ
کە یەکدەم من نەبوومە شاد لەدەس دڵ
سبـــەیـــنـــێ دادخـــوازان دادبـــپـــرسن
دەکەم من سەد هەزاران داد لەدەس دڵ

خـــدایـــا داد ازیـــن دل داد ازیـــن دل
کـه یـکـدم مـو نـگشتـم شاد ازیـن دل
چـو فـردا داد خـواهـون داد خـواهـنـد
بـــگـــویـم صد هـــزارون داد ازیـن دل

٢٨

ئـــەزم ئـــەو ئـــاگـریـن بـــاڵـنـدەیـەی گـەر
لـە یـەك دەم بـاڵ، دەسووتـێ گـێتـی یـەکسەر
بـــکـــێشێ وێنـــەکـــێش نـــەقشم لـــە دیـــوار!
دەسووتـــێنـــم جـیـهـــان، کـــارایـە پـەیـکـەر

مـنـم ان اجـریـن مـرغـی کـه فی الحال
بسوجـــم عـــالمی گـــر بـــرزنم بـــال
مـــصور گـــر کشد نـــقشم بـــدیـــوار
بسوجـم عـــالـم از تـــأثـیـر تمثـــال

٢٩

خـودایـه، ڕووبـکـەمـه کویێ ڕووبکەمـه کویێ
مـنـیێ بـیێ دەست و پـێمـه، ڕووبـکـەمـه کویێ
هــەمــوو دەچـنــه دەریێ مــن دێمــه لای تــۆ
ئـەتـۆ گـەر بـچـیـه دەر مـن ڕووبـکـەمـه کویێ؟

الـــهـــی واکـــیـــاشم، واکـــیـــاشم
مـــو کـــه بـــیـدست و پـــایـم واکـیـاشم
هـــمـــه از در بـــرونـــنـد واتـــو آیم
تـــه از در گـــر بـــرونـــی واکـــیـــاشم؟

٣٠

لـەبـۆی زوڵـفـی تـەیـه دڵـچـوونم ئـەی گـوڵ
لـەڕەنـگـی ڕوویـی تـۆ دڵـخـوونم ئـەی گـوڵ
مـــنـــی دڵـــدار، لـــه ڤـــیـــنت بـــیێ سرەوتم
تـۆ وەك لـەیلاو ئـەمن مـەجنوونم ئـەی گـوڵ

زبـــوی زلـــف تـــو مـــفـــتـــونم ای گـــل
زرنگ روی تـــو دلـــخـــونم ای گـــل
مـــن عـــاشق زعشقت بـــیـــقـــرارم!
تو چون لیلی و من مجنوونم ای گل

٣١

مـن ئـەو ئـێش دیـتـووەم، بـێ خـانـومـانم
مـن ئـەو بـەش دەردەمـە، وا سەخـتـە گیـانم
مـنـی بـابـردەڵـە دڕکـی بـیـابـان
کـە بـایـەك دێ، لـەپـێشیـا مـن دەوانم

مـو آن آزردەء بـی خـانمانم
مـو آن مـحـنت نـصیب سخت جـانم
مـو آن سرگشتـە خـارم در بـیـابـون
کـە هـر بـادی وزد پـیشش دوانم

٣٢

وەرن سووتـە دڵان تـا ئـەم بـنـاڵین
ژ دەستـی یـاری بـێ پـەروا بـنـاڵین
بـچین وەل بـولـبـولـی شەیـدا لـە گوڵشەن
ئـەگـەر بـولـبـول نـەنـاڵـێ .. ئـەم بـنـاڵین

بـوره سووتـە دلان تـا مـا بـنـالـیـم
ز دست یـار بـی پـروا بـنـالـیـم
بشیـم بـا بـلـبـل شیـدا بـگـلشن
اگـر بـلـبـل نـنـالـە.. مـا بـنـالـیـم

٣٣

مـن ئـەو بـەحـرەم لـە جـامـا هـاتمە گۆڕێ
وەکـوو نـوقـتـە لـە پـیـتـا هـاتمە گۆڕێ
بـەهـەر ئـەلـفێ ئـەلـف قـەددێ پـەیـایـە
ئـەلـف قـەددم لـە ئـەلـفـا هـاتمە گۆڕێ

مو آن بـحـرم کـه در ظـرف آمدستم
چـو نـقـطـه بـر سر حـرف آمدستم
بـهـر ألـفـی الـف قـدی بـر آیه
ألـف قـدم کـه در ألـف آمدستم

٣٤

بـچـم ئـێژم، لـە گـێتـیـمـان بـە دەرچـم
بـچـم لـەو چین و مـاچـینـە دوورتـر چـم
لـەبـۆ دڵـدار پـەیـامـێکـم هـەنـاردووە
کـە گـەر دووری خـوەشە، مـن دوورتـرچـم

بشم واشم ازیـن عـالـم بـدرشم
بشم ازچین و مـاچین دورتـرشم
بـر دلـدار پـیـغـامـی فـرستـم!
کـه گـر دوری خـوشه مـن دورتـرشم

٣٥

بێ تـۆ گـوڵشەن چـو زیـنـدانـە لـەچـاوم
گـوڵستـان ئـاگـرستـانـە لـەچـاوم!
بەبێ تۆ ژین و ئارامی و تەمەن گشت
هـەمـوو خـەونـی پـەرێشانـە لـەچـاوم

بـی تـە گـلشن چـە زیـنـدانـە بـچشم
گـلـستـان آذرستـانـە بـچشم!
بـی تـە آرام و عـمـر و زنـدگـانـی
هـمـە خـواب پـریشانـە بـچشم

٣٦

سەریـنـم بـێ تـۆ ڕەشمـارە لـە چـاوم
بـێ تـۆ ڕۆژان شەوی تـارە لـە چـاوم
بـێ تـۆ، کـەی بـچمـە سەیرانی گوڵستـان
گـوڵستـان سەربـەسەر خـارە لـە چـاوم

بـی تـە بـالین سیـە مـارە بـچشم
بـی تـە روزان شو تـارە بـچشم
بـی تـە هـرگـە شوم سیـر گـلستـان
گـلستـان سربسر خـارە بـچشم

٣٧

خـۆزی بـەو ساتـە دیـدارت دەبـیـنـم
کـەمـەنـدی عـەنـبـەرین تـارت دەبینم
دڵـی مـن کـامـەرانـیـی قـەت نـەبـینی
مـەگـەر کـاتێك کـە ڕوخسارت دەبینم

خـوش آن ساعت کـە دیـدار تـو وینـم
کـمـنـد عـنـبـریـن تـار تـو وینـم
نـویـنـە خـرمـی هـرگـز دل مـو
مگر آندم کـە رخسار تـو ویـنـم

٣٨

پـەرێشان کـار و حـاڵـم، چـۆن نـەناڵم
شکـاوە پـەڕو بـاڵـم، چـۆن نـەنـاڵـم
دەڵـێن هـەمموو: فـڵانـی.. نـاڵـە کـەم کـە
تـۆ دێیـتـە نـاو خـەیاڵم، چـۆن نـەناڵم

مـو کـە افسردە حـالـم چـون ننـالـم
شکستـە پـرو بـالـم چـون ننـالـم
هـمـە گـویـن فـلانـی نـالـە کـم کـن
تـە آیی در خـیـالـم چـون ننـالـم

٣٩

وەرە تـــاویَ بـــنـــاڵین و بسۆژیـــن
لـەبـەر وەی هــەرتـکـانمان ڕەشە ڕۆژیـن
تو بولبول: (حاشا لیللا) گەر لەمن چی
لـە دەردو غـەم پتر نـەمبوو تـەمـەن، ژیـن

بـوره یـکـدم بـنـالـیـم و بسوجـیـم
از آن رویـی کـه هـردو تـیـره روجیم
تـه بـلـبـل، حـاشا لـلـه مـثـل مـونـی!
نـبـو جـز دردو غـم یك عـمـر روجـیـم

٤٠

دڵـم پـڕ دەرد و نـاڵـیـنـە، چ بـێژم؟
دەمـوچـاو گـەردو خـۆڵـیـنـە چ بـێژم
بـەنـاو حـەفـتـاو دوو میللـەتدا گەڕاوم
بـەسەد ڕێبـازگـە گـاڵـیـنـە چ بـێژم؟!

دلــم دردیــن و نــالین چــه واجــم
رخـم گـردیـن و خـاکین چـه واجـم
بـگـردیـدم بـهـفـتـادو دو مـلـت!
بـصد مـذهب مـنـادیـن چـەواجـم

٤١

هـــەمـــوو دنـــیـــا تـــژی گـــەردە چ بـــێژم
چـــو مـــن دڵـــیـــان تـــەژی دەردە چ بـــێژم
گـــوڵـــێكـــم چـــاند لـــە داوێنێكـــی ئـــەڵوەند
لـە بەختی من ئەویش زەردە چ بێژم

هـــمـــه عـــالـــم پـــراز گـــرده چـــه واجـــم؟
چـــومـــو دلـــهـــا پـــراز درده چـــه واجـــم
سنـــبـــل كشتـــهء بـــیـــم دامـــان الـــونـــد
اونم از طـــــالـــــعـــــم زرده چ واجـــــم

٤٢

ئـــەزیـــزان ئـــێمـــە گـیـرۆدەی دوو دەردیـــن
یەكێ بەد شێوەیی و یەك تاكە مەردین
بـــەشی ئـــێمـــە نـــەبـــوو دا تـــۆ ببـــیـــنین!
جـوانـیـتـمـان نـەدی جـارێك و مـردیـن..

ئـــەزیـــزان مـــا گـــرفـــتـــار دو دردیـــم
یـــكـــی بـــد نـــقشی و دیـــگـــر كـــه فـــردیـــم
نـــصیب مـــا نـــبـــو كـــه مـــا تـــه ویـــنـــیـــم
جـــمـــالت یك نـــظـــر نـــادیـــده مـــردیـــم

٤٣

شەوان یـەك یـەك مـن ئـەژمـێری ستـێرم
دەبــێتــە نــیــوەشەو گــوێت لــێ دەدێرم
لــەدوای نــیــوە شەوانــدا بــەتــەنــێ بم
بــە چــاودا تـۆفـی ئـەسریـنـاو دەنـێرم

شوان استـــارگـــان یك یك شمـــارم
بــوه نــیــمــه شوان گــوش واتــه دارم
پس از نــیــمــه شوان کــه تــەنــیــایــی
بـــوران اشك از دیــــده بـــبـــارم!

٤٤

گـولستـان جـێی تـووە ئـەی نـازەنـینـم
مـنیش کـولـخـەن، لـەنـاو مشکـی نشینم
چ گوڵشەن بێ، چ کوڵخەن بێ چ سارا
ئـــەگــەر چــاوێ هـــەڵـــێنـم تـۆ دەبـیـنـم

گــلستــان جــای تــو ای نــازنــیــنــم
مــو در گــلــخــن بــخــاکستــر نشیــنــم
چه در گلشن چه در گلخن چه صحرا
چــو دیــده واکــرم جـز تــو نــویــنــم

٤٥

خـەمـی گـێـتـیت هـەمـوو کـردووتـە بـارم
مـەگـەر مـن (لـۆك)ی مـەستـی سەرقـەتـارم
مـنت هــەوسار کـرو دا دەسـتـی نـاکـەس
هــەمـوو دەم بـار دەکـەی بـارێ لـە بـارم

غـم عــالـم هــمــه کـردی بـبـارم
مــگــر مــو لــوك مست سر قــطــارم
مــهــارم کــردی و دادی بــنــاکس
فــزودی هــر زمــان بــاری بـبـارم

٤٦

لــە چـاوان، وەرە جـەیـحـوونـێ دروست کـەیـن
وەرە لــەیـلاوو مــەجـنـوونـێ دروست کـەیـن
فــەرەیـدوونـی عــەزیـز ڕۆیـی لــە دەسمــان
وەرە بـا سەر لـەنـوێ فـەرەیـدوونێ دروست کـەین

بـوره کـز دیـده جـیـحـونـی بسازیـم
بــوره لـیـلـی و مـجـنـونـی بسازم
فــریــدون عــزیــز از دست مــو رفت
بــوره از نــو فــریـدونـی بسازیـم

٤٧

کـەمـن دوورم لـە تـۆ زونـنـار دەبـەستم
ئـەگـەر مـن پـێکـەنم جـووم، بتـپـەرستم
لە پاش گوفت و بەڵێنت ئەی دڵارام
بـەڵـێن و گـوفـتـی دی نـابـێ مـەبـەستم

مـــو کـــە دور از تـــوام زنـــار بـــنـــدم
یـــهـــود و بت پـــرســـتـــم گـــر بـــخـــنـــدم!
پس از عـــــهـــــدو وفـــــایت ای دلارام
دگـــر عـــهـــدو وفـــا بـــاکس نـــبـــنـــدم..

٤٨

لە دەستم دیس کە کێشاوتە تۆ داوان
لـە کردارت نـەبی یـەك جۆ پـەشیمـان!
دەچم ئیدی بۆ داوێنێك دەبەم دەست
لـەوی تـاکـو بگـا کـارم بـە سامـان..

زدست مـــو کشیـــدی بـــاز دامـــان
زکـــردارت نـــبـــی یك جـــو پشیـــمـــان
روم آخر بـــدامـــانـــی زنم دست
کـــە تـــا ازوی رسد کـــارم بسامـــان

٤٩

پەشیمانم پەشیمانم پەشیمان
پەیاکەم کاروانیٚ بۆ وەچوونمان
لەبۆ کەس مانی نابیٚ ئەم جیهانە
لە هیچە کوڵە باری بارە لێمان

پشیمانم پشیمانم پشیمان
کاروانی بوینم تا بشیمان
کهن دنیا بهیچ کسی نمانده
بهرزه کولەباری میکشیمان

٥٠

وەکوو یووسف ئەگەر بمنێنە زیندان
بناڵێنم لە غەم وەك دەردمەندان
ئەگەر سەد باخەوان لێم بن بە دوژمن
هەمیشە، دێمە گوڵزاری تو خەندان

برندم همچو یوسف گر بزندان
ویا نالم زغم چون مستمندان
اگر صد باغبان خصمی نماید!
مدام آیم بگلزار تو خندان

### ٥١

من ئەو چەرمووو هەڵۆیەم سینە هاسان
لەوەڕگامە ترۆپکی بەرزی کێوان!
هەموو تیغێ هەسان تیژی دەکاتن
من ئەو تیغەم هەسانی کردووە یەزدان

موآن اسپیدە بازم سینە سوهان
چراگاە مو بی سربشن کوهان
همە تیغی بسوهان میکرن تیز
مو آن تیغم کە یزدان کردە سوهان

### ٥٢

لە دەردی تۆ دڵم هەروا خەمینە
سەرینم خشتە، ڕایەخ سەرزەمینە
ئەوەم تاوانە من .. تۆ دۆستمی و بەس
کە دۆستداران هەموویان هەر وە نینە

دلم ازدرد تە دایم غمینە
ببالین خشتم و بستر زمینە
همین جرمم کە مو تە دوست دیرم
نەهرکس دوست دیرە حالش اینە

٥٣

دڵم مەیلی گوڵ و باغی ئەتۆی هەس
سەراسەر سینگی من داغی ئەتۆی هەس
دەڕۆمە لالەزاران دڵ بکەم شاد
دەبینم لالەکەش داغی ئەتۆی هەس

دلم میل گل باغ ته دیره!
سراسر سینه ام داغ ته دیره
بشم آلالەزاران دل کرم شاد
دیم آلاله هم داغ ته دیره

٥٤

لەگیاندا داری خەم کردوویە ڕیشە
لەبەر دەرگای خودا دەگریم هەمیشە
ئەزیزان نرخی یەکدیتان بزانن
ئەجەل کەڤرەو مرۆ شوبها.. وە شیشە

درخت غم بجانم کرده ریشه
بدرگاه خدا نالم همیشه!
عزیزون قدر یکدیگر بدونید
اجل سنگست و آدم مثل شیشه

٥٥

دوو چاوانت پیاڵەی پڕ لە مەی بوو
دوو زوڵفانت خەراجی موڵکی ڕەی بوو
بەڵێنی تۆ هەر ئەمڕۆ نا سبەی بوو
نزانم من سبەینێکەی تۆ کەی بوو

دو چشمونت پیاله پر زمی بی
دو زلفونت خراج ملك ری بی
همی وعده کری امروزو فردا
نذونم مو که فردای تو کی بی

٥٦

من ئەو چەرموو هەڵۆیەم هەمەدانی
لەسەر کێودا هەمە لانەی نیهانی
بە باڵی خۆم دەفڕم کێوان و کێوان
بە چنگی خۆم دەکەم نێچیرەوانی!

موآن اسپیده بازم همدانی
لانه درکوه دارم در نهانی
ببال خود پرم کوهان بکوهان
بچنگ خود کرم نخچیربانی

٥٧

جـیـهـان خـوان و مـرۆی تـێدا میوانـه
گـوڵـی ئـهمـڕۆ، سبـهیـنـێکـه خـهزانـه
سیا چاڵێکی کۆنه و پێی دهڵێن گۆڕ
دهبـێژن ئـا ئـهمـیشت خـان و مـانـه!

دنـیـا خـوان بی و مردم مـیـهمـان بی
امــروز لالــه بــی و فـردا خـزان بــی
سیــه چــالــی کـهـن نـامش نـهـن گـور
مــو واجــن کــه ایــنت خــانمان بــی!

٥٨

خـودا بـکـهم ئـهی فـهلـهك وهك مـن زهبـوون بـی
دڵت هــهر وهك دڵــم خــنــکــاوی خــوون بــی
ئــهگــهر بمبــیــنــی بــێ خــهم تــاکــه ساتـێك
دهزانم سوور، دهبـــێ تـــۆ سهرنـــگـــوون بـــی..

الــهـی ای فـلـك چـون مـو زبـون شی
دلت هـمـچـون دل مـو غـرق خـون شی
اگـر یك لحظـه ام بـی غـم بـبـیـنـی
یـقین ذونم کـزیـن غـم سرنـگـون شی

٥٩

دەمـانـی لالـەزاران هـەفـتـەیـێکـە
کـە وەرزی نـەوبـەهـاران هـەفتـەیێکە
نـزیـکـیـی یـاری گـیـانـی دەسکـەوێکە
نـزیـکـیـی ڕوویـی یـاران هـەفتـەیێکە

زمـان لالـەزارون هـفـتـەیـی بـی
کـە فـصل نـوبـهـارون هـفـتـەیـی بـی
غـنـیـمت دون وصال یـار جـانـی
کـە وصل روی یـارون هـفـتـەیـی بـی

٦٠

نـیـگـاری تـازە هـەڵـچـووی مـن لـە کـوێـی تـۆ
بـەچـاوی سورمـەڕێژبـووی مـن لـە کـوێـی تـۆ
هـەنـاسەی وا گـەیشتـە سیـنـە (تـاهـیـر)
دەمـی مـەرگ، دڵـپـەرستـووی مـن لـەکـوێـی تـۆ

نـیـگـاری تـازە خـیـز مـو کـجـایـی
بـچشمـان سرمـەریـز مـو کـجـایـی
نـفس بـر سیـنـەء طـاهـر رسیـدە
دم مـردن عـزیـز مـو کـجـایـی

٦١

هەتاو لەو تیشکی ڕوویەت شەرمەزارە
لە ئەبرۆت مانگی نوێ پڕ ئێش و زارە
لە شارو کێو و سارا، کێ دەبینم!
بە پەسنت گەرمە زاری دڵ، بەکارە

خور از خورشید رویت شرم دارد
مه نو ز ابرویت آزرم دارد
بشهرو کوەو صحرا هر که وینم
زبان دل بوصفت گرم دارد

٦٢

چەمم دەردی چەمانت بۆ خۆ بێنێ
نە کو دەردێ بەچاوانتا بمێنێ
بهیستم یارەکی نوێت گرتوە بۆ خۆ
ئەگەر گوێم بیستبێتی، چاو نەبینێ

دوچشمم درد چشمون تو چیناد
نوا دردی بچشمونت نشیناد
شنیدم رفتی و یاری گرفتی
اگر گوشم شنو چشمم نویناد

٦٣

نـه دۆسـتـێکـی هـەیـه گـەردوون نـه هـاودەس
بـەخـوێـنـڕێژی بـەزەی نـایـێ بـه هـیـچ کـەس
هــەمــیشه، کــارو پــیشەی هــەر وەهــایــه
دەکـا فـوو لـه چـرای هـەریـانـەیـەك هـەس

فـلك نــه هــمسری دارد نــه هــم کـف
بــخــونــریــزی کسی اصلا نـگـفت أف
هــمــیشه شیــوه و کــارش هــمــیـنـه..
چـــراغ دودمـــانـــی را کـــنـــد پـــف!

٦٤

به ڕووی مانگت ئەرێ ئەی مانگی دەو چوار
بـــه سەروی قـــەددت ئـــەی ڕازاوە ڕەفـــتـــار
تــەنــێ خـولـیـای ئـەویـنـتـم وا لــه دڵـدا..
بـه هـیـچ کـەس بـێجگـه تۆ، نـەمبوو سەروکـار

بـــروی مـــاهت ای مـــاه دەو چـــار
بسرو قـــدت ای زیـــبـــنـــده رفـــتـــار
بــجــز عشقت خــیــالــی در دلــم نـــی
بـــه دیـــاری نـــبـــو جـز تـــه سروکـــار

٦٥

دڵۆ هەرگیز نەترسی لە ڕێگەی دوور
دڵۆ هـەرگیز نـەترسی لـە گڵکۆ کوور
دڵـۆ هـەرگـیـز نـەترسی لـەو دەمـانـەی
دەبـیـتـە بـنـکـەیـی مـار، لانـەیـی مـوور

دلا اصلا نـــــتـــــرسی از ره دور
دلا اصلا نـــتـــرسی از تـــه گـــور
دلا اصلا نـــتـــرسی کـــه روزی
شوی بـــنـــگـــاه مـــارو لانـــەء مـــور

٦٦

هـــەڵـــیـــکـــۆڵـــن بـــە خـــەنجەر چـــاوەکـــانم
بسووتـــێنـــن بـــە ئـــاگـــر ئـــێسکـــەکـــانم
لەبان نینۆکی من نەی ورد و خاش کەن
دڵـــم نـــاگـــرم لـــەیـــاری مـــیـــهـــرەبـــانم

بـــخـــنـــجـــر گـــــر درآرن دیـــدەگـــونم
بآتـــش گـــــر بســـوزن استـــخـــونم
اگر بـــر نـــاخـــنـــونـــم نـــی بکوبن
نـگـــیـــرم دل زیـــــار مـــیـــهـــربـونم!

٦٧

مـن ئـەو ڕەنـدەم کـە یـاخـی بـوونـە پـیشەم
بـە دەسـتـێ جـام، بـە دەسـتـی دیـکـە شیشەم
بــڕۆ گــەر بــێگــونــاهــی تــۆ.. پــەری بــە
لــە حــەوواو ئــادەمــن مــن، بــێخ و ڕیشەم

مـو آن رنـدم کـه عـصیـان پیشه دیرم
بـدسـتـی جـام و دسـتـی شیشه دیـرم
اگــر تــو بــیـگـنـاهـی رو مـلك شو
مــــو از حـــواو آدم ریشه دیـــرم

٦٨

بێ تو گوڵشەن لە چاوم دەبتە کوڵخەن
بــە تـۆوە کـوڵـخـەنم لا دەبـتـە گـوڵشەن!
گـوڵـم تـۆی گـوڵـبـنـم تـۆی گـوڵشەنم تـۆ
بـەتـۆ، مـردوو کـە گـیـانـی دێتـەوە تـەن

بـی تـه گـلشن بـچشـم گـلـخـن آیو
واتــه گــلــخــن بــچشـم گـلشن آیو
گـلـم تـه گـلـبـنـم تـه گـلشنـم تـه
کـه بـا تـه مـردەرا جـان بـرتـن آیو

٦٩

مـنـێ یـارم ئـەویـنـداری نـەزانـێ
مـنـێ دەردم کـە سووکبـاری نـەزانـێ
هـەر ئێژن یـاری تۆ تـارمـایـی خـەونـە
چـەوا خـەونـە؟! کـە بـێداری نـەزانـێ

مـو کـە یـارم سریـاری نـدارد
مـو کـە دردم سبـکـبـاری نـدارد
هـنـو واجـن کـە یـارت خـواب نـازە
چـنـو خـوابـە کـە بـیـداری نـدارد

٧٠

چ خۆش بوو خۆشەویستی لە دووسەر بێ
کـە ڤـیـنـی یـەکسەریمان دەردی سەر بـێ
ئـەگـەر مـەجنوون دڵی هـەڵچووی هـەبێتن
دڵـی لـەیـلا گـەرمـتـر بـی.. بـەتـەر بـێ!

چە خۆش بی مهربانی هردوسر بی
کـە یـکسر مـهـربـانـی دردسر بـی!
اگـر مـجـنـون دل شوریـدەیـی داشت
دل لـیـلـی از آن شوریـدەتـر بـی

٧١

ئـەزیـزان! لـە خـەم و دەردی جـودایـی
لــەچــاوانم نــەمــاوە ڕۆشنــایــی!
گـرفـتـارم بـەداوی نـامـۆیـی و دەرد
نـەیـارو هـاودەمـێ، نـەش ئـاشنـایـێ

عـــزیـــزون از غـــم و درد جـــدایـــی
بـچـــشمـــونم نمانـــــده روشـــنـــایـی
گـــرفـــتـــارم بـــدام غـــربت و درد
نــــەیــار و هـــمـــدمـــی نـــه آشنایی!

٧٢

بەشی هیچ کەس نەبێ دەردی دڵی من
کـە زۆر زۆرن خـەمـی بێبـەر چڵـی مـن
کـەسی ئـاگـا لـە دەردو لـە خـەمـی مـن
گـرفـتـی هـەس وەکـو گـیـر و کـوڵـی مـن!

نــــصیب کس نـــبـــی درد دل مــــو
کـــە بسیـــاره غـم بـیـحـــاصل مـو
کسی بـــو از غـــم و دردم خـــبـــردار
کـــەداره مشکــلــی چـون مشکـل مـو

٧٣

تــو ڕۆژێ بــێ کــه چــاوانت بــبــیــنــم
گوڵ و سونـبـول لـه دیدەت بچنم.. بینم
بــه ساڵ و مــانگ بـەرامـبـەر مـن بـنـیشه
کــه تــا شێوەت بــبــیــنــم، نــازەنــیــنــم!

بــوره روزی کـــه دیــدار تـــه ویـــنــم
گـل و سنـبـل بـدیـدار تـه چـیـنـم!
بــوره بــنشین بــرم سالان و مــاهــان
کــه تــا سیــرت بــویــنــم نــازنــیــنــم

٧٤

دوری ئـــەسرم بـــه داوان بـــڕژێ چـــاکـــه
خـــوێنــاوی دڵ لـــه چـــاوان بـــڕژێ چـاکـه
بـەیـەك پـیت ئـەستـەمت بـۆ بـەنده نـاڵێم
ستەم، باسی.. که پەنهان بڕژێ چاکه..

در اشکـــم بـــدامـــان ریـــتـــه اولـــی
خـــون دلـــم ز چشمـــان ریـــتـــه اولـی
بــکس حـــرفـــی ز جـــورت وا نـــواجـــم
کــه حـرف جـور پـنـهـان ریـتـه اولـی

## فەرهەنگۆك

ئەژمێری ستێرە: ئەستێرە ژمێر، کەسێك ئەستێرە بژمێرێ.

ئەڵوەند: چیایەکی بەناوبانگی خۆراوای ئێرانە.

ئەم: ئێمە.

ئێخە: یەخە.

ئێژن: یێژن، دەڵێن، دبێژن.

ببێژە: بڵێ، بێژە.

بسۆژین: بسووتێین.

بسێنەی: وەرگرە، وەربگرە، بیستێنە.

بنۆڕم: بنوارم، بڕوانم، سەیر بکەم، تەماشا بکەم.

بنیشە: دانیشە، ڕۆنیشە، ڕونێ.

بەتەر: بەدتر، خراپتر، خراتر.

بەمن بە: بەمن بدە، بیدە بەمن.

بەوان: بە ئەوانە، بەوانە. (بەوان خۆزگەم: خۆزگەم بەوان).

بیمار: لەش بەبار، نەخۆش.

بینم: بێنم، بهێنم.

بێ پەروا: بێ ترس، بێ ئەوەی گوێ بە هیچ بدرێ.

بێ وەی: بێ ئەوەی.

پێچ و تاو: ئەندێشە، پەشۆکان.

تار: تاریك (شەوی تار)، تاڵەمووی پرچ و زوڵف، ژێی ئامرازە مۆسیقییە ژێدارەکان.

تار: تان (تان و پۆ)

تاکە مەرد: کەسێکی تەنیا، تاکە کەس، مێردی تەنیا.

تژی: تەژی، پڕ.

تۆف: کرێوەو باپێچ.

تەء: تو، تۆ، ئەتو.

تەژی: تژی، پڕ.

تەن: لەش.

تەنیٚ: تەنیا.

جریدبازی: جریتێن، پێشبڕکێی سوارچاکی، گەمەی جلیت یان جریت کە سووکەڵە دارێك بووە سوارچاکان لە مەیداندا بەیەکدییاندا دەدا.

جۆبار: جۆگەی ئاوی زل.

جەیحوون: ناوی ڕووبارێکە لە تورکستانی ئاسیا، هاوتەریبی ڕووباری سەیحوون ـ ە کە هەردووکیان دەڕژێنە دەریاچەی ئارال.

چ بێژم: چی بڵێم، بڵێم چی.

چش: وتەیەکە بە واتەی: دەبا نەبێ... دەست لێ هەڵگرتن.

چو: چون، وەك.

چەشمەسار: شوێنێکی فرە ئاو و فرە کانی.

چەوا: چۆن.

حەمایەڵ: هەرچی ڕاست و چەپ دەمل کرێ و شۆڕبێتەوە. لێرە بەواتای بەستن و هەڵگرتنەوەی زوڵفە بۆ سەرەوە.

خار: درك.

خانومان: شۆخ و شەنگ، جوان و دڵگیر، لێرە: کەس و کەلوپەلی ناو ماڵ، ماڵ و شتومەکی ناو ماڵ.

خاوەن: خوداوەند، خودان، خودا.

خوون: خوێن، خین.

خوەش: خۆش.

خۆزی: خۆزیا، خۆزگە، بریا.

خۆڵین: لە خۆڵ دروستکراو، خۆڵی زۆر لێ نیشتوو.

خەروار: خەرار، خەربار، کەربار، کێشێکە بەرامبەر سێ سەد کیلۆ.

خەمین: مەینەتبار، دڵتەنگ.

خەندان: دەم بە پێکەنین، کامەران.

دا: تا، تاکو.

داد: هاوار، حوکمی ڕەوا.
دامان: داوێن، دامەن.
دبێ: دبێژێ، دەبێژێ، دەڵێ.
دڵچوون: دڵ تێ چوون، حەز لێ کردن، حەژێ کرن.
دڵخوون: دڵخوێن.
دەدەم چەنگ: چنگی لێ گیر دەکەم (لە داوێنی دەدەم چەنگ: داوێنی دەگرم).
دەردمەند: دەردەدار.
دەردین: دەردەدار، دەردمەند.
دەژنەفێ: دەبیێ، گوێی لێ دەبێ، دەبیستێ.
دەردێم: دەردەچم، ڕزگار دەبم، ئازاد دەبم.
دەروازە: دەرگای گەورە.
دەسکەوێکە: دەستکەوتێکە.
دەنا: ئەگەرنا، ئەگینا.
دەنگ: دەبەنگ، گێژ.
دەوان: چوست، چالاك.
دیس: دیسان، دیسانەوە.
ڕۆژگار: بە ڕۆژ تا شەو.
ڕۆنراو: دروستکراو، ئەفرێنراو.
ڕەشمار: ماری ڕەش.
ڕەشە ڕۆژ: ڕۆژی ڕەش.
ڕەند: پیاوی زۆر پیاو، مێرخاس.
زار: کزو لاواز، پەرێشان و لێ قەوماو، دەنگی گریان.
زوننار: پشتێنی تایبەت بە پیاوە ئایینییە دیانەکان.
زەبوون: کزو لاواز، بێچارەو هەژار.
سارا: بیابان.
سامان: پلەو پایە.
سرەوتن: ئارام گرتن.
سونبول(سنبل): گوڵێکە گەڵا گوڵی و وردی شینە.

سووتە دڵان: دڵسووتاوان.
سەد ڕێباز بانگە یەکبینە: سەد جۆرە ڕێباز هەر کەسەو هەر بۆ خۆی بانگەشە دەکەن.
سەربەسەر: سەرتاسەر، سەراتاپا.
سەرقەتار: سەرکاروان، سەر قافڵە.
سەرنگوون: ژێرو ژوور، سەرنگوم.
سەرینگا: سەرین، بالیف.
سەنگ: بەرد.
سەنگستان: زەویی ڕەقەن و بەردەڵان.
سەنگین: گران، قورس.
سەوزە: گەنمڕەنگ (ڕەنگی مرۆڤ)، ئەسمەر.
سیادەست: دەست ڕەش.
شکەستن: شکان (نەشکەست: نەشکا).
شەوانە: بەشەو، هەموو شەوێك.
شەیدا: دێوانەی عەشق، دینی ئەڤین.
عەتتار: فرۆشیاری بۆنی خۆش و داوو دەرمان، فرۆشیاری بەهارات و بۆو بەرامە.
عەنبەرین: عەمبەر، ماکێکی بۆنخۆشی ڕەشە، لە ورگی جۆرە ماسییەك پەیدا دەبێ..
عەنبەرین: کەسێك بۆنی عەنبەری لێوە بێ، یان لە عەنبەر دروست کرا بێ.
فەرەیدوون: ناوی شایەکی کۆنە، بەهێزی لەش و زانستی نۆژداری و فەلسەفەو ئەستێرە ناسی ناسراوە.
فەڵەك: گەردوون، ڕۆژگار.
فیغان: ناڵە، هاوار، فریاد.
ڤین: ئەوین، ئەڤین، ڤیان، خۆشەویستی، دڵداری.
قسان: قسە، دوان، ئاخاوتن.
قەلەندەر: هەژار، بەلەنگاز، دەروێش، عەبداڵ، بەستەزمان و بێ زیان.
کر: کرد.
کولْخەن: کولْخان، توونی حەمام.
کووچە: گەڕەك، کۆڵانی تەنگەبەر.
کۆسار: چیای زۆر، ناوچیا.

کەڤر: بەرد.

کەلپەل: جلك، جلو بەرگ، شتومەك، شڕەوپڕەی ناوماڵ، خرت و پرت.

کەمەند: کەمەن، پەتی درێژ بۆ گرتنەوەو بەستنی ڕاکردوو، پەتی سەربە ئاڵقەی فرەوان.

کەمین: بۆسە.

گوڵبن: بنەگوڵ.

گوێدێر: گوێگر.

گەردین: لە گەرد دروستکراو، گەردی زۆر لێ نیشتوو.

گێتی: جیهان، دنیا.

لۆك: جۆرە حوشترێکی بەهێزی ناو کاروانە.

لەبەر وەی: لەبەر ئەوەی.

لەمن چی: لەمن بچی، لەمن بکەی.

لەنگەر: خۆگرتن و ڕاوێستان لەسەر شوێنی باریك و بەرز. لێرە: ستارگرتن و بەرگەگرتن و ئارامی ـ یە.

مشکی: خۆڵەمێش، خۆڵەکەوە، بووڵ.

موور: جانەوەری ورد، مێروو، مێرووڵە.

مەجنوون: قەیسی کوڕی مولەووەح ـ ی ئەویندار ی (لەیلا)ی ئامۆزای.

نزانم: نازانم.

نەنگ: شوورەیی، خەوش.

نیگادار: نیگادێر، چاودێر.

نێچیر: نچیر، ئەوەی بەڕاو دەگیرێ، ڕاووشکار.

وان: ئەوان.

وانە: ئەوانە.

وەچوون: چوونەوە.

وەل: لەگەڵ، لێڵ.

هە: هەر.

هەرتك: هەردووك (هەرتکانمان: هەردووکمان).

هەس: هەیە (پێچەوانەی نییە).

هەسان: بەردەسان.

هەمێز: ئامێز، هەمبێز، باوەش.

هەوسار: ڕەشمە، پەتی بەستن و ڕاکێشانی ماڵات. (منت هەوسار کر و دا دەستی ناکەس: منت ڕەشمە کردو داتمە دەستی ناکەسان).

یاسەمەن: یاسەمین، داردەوەنێکە لەسەرە بەهاردا گوڵی سپی، یان بنەوشی زۆر بۆنخۆش دەکا.. لێرە: مەبەست لە تەنی سپیی وەك زیوی گوڵە سپییەکەی یاسەمەنە.

یانە: خانە، خانوو، ماڵ.

یووسف: حەزرەتی یووسف ـ ی پەیامبەری کوڕی یەعقووبی پەیامبەرە کە بە جوانی و داوێنپاکی و لێکدانەوەی خەون بەناوبانگە.. بەهۆی داوێنپاکییەوە ماوەیەکی دوور و درێژ تووشی بەندیخانە بووە.

یێژن: دەڵێن، دەبێژن.